YEKBUN
# یەکبوون
UNITED
کوردستان
KURDISTAN
کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراوە

بانەمەڕی : ٢٧١٥ | یەکبوون ژمارە : ٦١ | April : 2015




## ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ (١ی مای ١٩٠٠)

لە دایک بوونی ئەستێرەیەکی هەر پرشنگداری ئاسمانی کوردایەتی و خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلەکەمان **پێشەوا قازی محەممەد**

# ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد

**عەبدوڵڵای حەسەن زادە**



لەوەتەی بیرم کردۆتەوە زاراوەیەکی سیاسی بە ناوی "مەسەلەی کورد"م بەر گوێ کەوتوە. هەرکەس بە جۆرێک ئەم زاراوەیە پێناسە دەکاو زۆر وەک ئەو چەمکە ناسراوانەم دێتە بەرچاو کە لە یەکەم ڕوانینێدا بۆ هەموو کەس ڕوونن، کەچی کاتێک دەمانەوێ پێناسەیان بۆ بکەین دەبینین ئەوەندەش سادەو ساکار نین. بۆخۆم لەمێژە باوەڕم بە پێناسەیەک هێناوە کە دەڵێ: "مەسەلەی کورد بریتی‌یە لەوە کە نەتەوەیەک بەناوی کورد هەیە کە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش کراوەو بۆ وەدستهێنانی ئەو مافە خەبات دەکا". ئەو پێناسەیە بۆیە بە دروست دەزانم چونکە لە دەوروبەری خۆمان بۆ نموونە زاراوەیەک بە ناوی "مەسەلەی فارس" یان "مەسەلەی تورک" نابیسمو نابینم. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو گەلانە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان (وەک نەتەوە) بەدەست هێناوە. هەروەها -نامەوێ ناوێکی تایبەتی بێنم- شتێک بە ناوی مەسەلەی یەکێک لەو گەلانەی دوورو نیزیک لەخۆشمان نابیسم کە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان لێ زەوت کراوە، بەڵام لە مەیداندا نین و بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافە خەبات ناکەن.

مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانیش بە نۆرەی خۆی لێکدانەوەی جۆربەجۆری بۆ دەکرێ، یان بڵێین شێوەو شێوازی جۆربەجۆری هەیە. ئەگەر هەڵبژاردنی شێوازەکە لە کەشی دێموکڕاسی‌داو بە ویستی ئازادانەی نەتەوەکان بێ، لە ئۆتۆنۆمی‌یەوە دەیگرێتەوە تا دەگاتە فیدراڵیزمو کۆنفیدراڵیزمو سەرەنجام سەربەخۆیی کە شێوازی بێکەموکەسری مافی دانانی چارەنووسە. ئەوەندەی پێوەندیی بە نەتەوەی کوردیشەوە هەیە، پێش هەموو شتێک دەبێ بەڕاشکاویو بێ پێچوپەنا بگوترێ کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپو لەمپەرەکانی سەر ڕێگا، کورد خاوەنی تەواوی مەرجەکانی نەتەوەیەکی جیاواز لەوانی دیکەیەو مافی بێئەملاوئەولای خۆیەتی لەسەر تەواوەتی خاکەکەی ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی. پێکهاتنی کوردستانی گەورە -کە شۆڤینیستەکانی دەوروبەرمان بەناوەکەشی قەڵسن-و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نە داگیرکردنی خاکی هیچکەسە، نە دابەشکردنی هیچ وڵاتێکەو نە دەستدرێژی بۆسەر دەسەڵاتو سەروەریی هیچ دەوڵەتێک، بەڵکوو تەنیا سڕینەوەی غەدرێکی مێژوویی‌یە کە چەندین سەدەیە لەم نەتەوەیە کراوە.

ئەوەش دەزانین کە جگە لەو بەرەنگاریو تێکهەڵچوونانە کە تیرەو هۆزە کوردەکان بە درێژایی مێژوو لە جغزێکی تەنگەبەرو لە پێناوی ئامانجو قازانجێکی بەرتەسکتردا دەگەڵ تیرەو هۆزەکانی دەوروبەر بوویانە، ئەوە چەند سەدەیە کە نەتەوەی بەشخوراوو دابەشکراوی کورد هەرجارە لە بەشێکی نیشتمانە لەتلەتکراوەکەیو لەژێر دروشمی ستراتیژیی جۆراوجۆردا بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خەبات دەکا. بەوحاڵە دەگەڵ داخوکەسەرێکی زۆر دەبینین کە تا ئێرە ڕەنجی بێوەرەو داری ئاواتی بێسەمەر. بەهیچجۆر نامەوێ لە گرنگیو بایەخی دەسکەوتەکانی خەباتی گەلی کورد هەر لە میرنشینە کەمتەمەنەکانی جزیرەو بۆتانو سۆرانو بابانو ئەردەڵانەوە بیگرە تاکۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتو حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور کەم بکەمەوە. ئەمانە هەموویان مایەی شانازیو ڕێنوێنی تێکۆشەران بۆ خەبات لە پێناوی ئاواتە بەرزە نەتەوایەتی‌یەکەدان. بەڵام ئەگەر بڕوانینە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهان کە زۆریان لە ماوەیەکی کورتتری زەمانی‌دا گەیشتوونەتە ئاکام، ئەودەم هەقمانە کە بڵێین ڕەنجی سەدانساڵەی نەتەوەی

کورد تائیرە بێوەر بووە. ئاخر ئێمە نەک هەر بە ئاواتە بەرزە ئینسانی‌یەکەمان نەگەیشتووین، بەڵکوو تائێستاش ئاسۆی دوارۆژی خەباتەکەمان بە لێڵی و ناڕوونی دێتە بەرچاو.

## هۆیەکانی ئەو ناکامی‌یە چین؟

زۆر لە ئێمە وا ڕاهاتووین خەتاو تاوانی هەموو نەگبەتی‌و چارەڕەشی‌و نوشوستی‌یەکانمان بخەینە ئەستۆی ئەمو ئەوو پاکانە بۆخۆمان بکەین. بەڵام ئەمن بەپێچەوانە پێموایە بۆ دۆزینەوەی هۆیەکانی هەربەڵایەکی بەسەر خۆمان‌و ئازیزان‌و نەتەوەکەمان دێ، پێویستە لە خۆمانەوە دەست پێ‌بکەین‌و پلە بەپلە بەرەو هۆکارەکانی دوورتر لەخۆمان بکشێین. لێرەشدا هەروای دەبینمو وای بەباش دەزانم کە لەپێشدا لە هۆکارە نێوخۆیی‌یەکانەوە دەست بە پشکنین بکەین‌و دوایە لە هۆکارە دەرەکی‌یەکان ورد بینەوە. کەس لە ممانان نیە کە پەرش‌وبڵاویی هێزی کورد بەکۆسپی سەرەکیی سەر ڕێگای وەدیهاتنی ئاواتو ئارەزووە لەمێژینەو ڕەواکانی نەتەوەی کورد نەزانێ‌و هەرنەبێ سەرزارەکی یەکگرتن‌و وەسەریەک‌خستنی تواناکان بە مەرجێکی گرنگی سەرکەوتن دانەنێ. کەچی کاتێک کار دەگاتە هەنگاوی بەکردەوە، هەرکەسە لەجێگای خۆی دەچەقێ‌و بەئامان‌و زامان بستێک لە بەرژەفری‌یەکانی خۆی نایەتە خوار. بەتایبەتی ئەوکاتەی لایەنێک هێز لە دەوری خۆی دەبینێ، یان بەخەیاڵ خۆی لەسەرەوەی ئەوانی دیکە هەست پێ‌دەکا، ئیدی (دوژمن لە ماڵێت نائومێد بێ!) هەر مەپرسە چۆن فڕی سوار دەبێ‌و چۆن لەخۆی دەردەچێ! بەڵێ ئەوانیش بانگەواز بۆ یەکدەنگی دەکەن بەڵام نەک بەومانایە کە داوا بکەن دەنگمان یەک خەین‌و زمانێکی هاوبەش بدۆزینەوە. ئەوان خوازیاری یەکدەنگین، بەومانایە کە هەموو لایەنەکان پەیڕەوی لە دەنگی ئەوان بکەن‌و ئیدی پێویستی‌یەک بە "سەرئێشە"ی لە دەوری‌یەک دانیشتن‌و بیروڕاگۆڕینەوە نابینن!

ئەوە کە لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان‌دا لەبەر بوونی ئەو سنوورە دەسکردانە ناتوانن ڕێگایەک بۆ هاوکاری‌و هاوخەباتی بدۆزنەوە (کە بەهیچ جۆر وا نیە) خاتری چاوی ئەوان. بەڵام ئەدی هەرکامەو لە بەشەکەی خۆیان‌دا بۆ پێکەوە ناگونجێن‌و تەنانەت وێکیش هەڵناکەن؟ با لە یەکەیەکی بەشەکان ورد بینەوە بزانین چ نەخش‌و نیگارێکمان دێتە بەرچاو:

**لە ڕۆژهەڵاتەوە** دەست پێ‌دەکەم کە خۆمو حیزبەکەم لەوێین‌و بێگومان بەشێک لە بەرپرسایەتی‌یەکەشمان لەسەرشانە. لەم بەشەی کوردستان کە هەرچەند بەهەق خاوەنی زۆر شانازیی گەورەی نەتەوایەتی‌یەو هێزە سیاسی‌یەکانیشی دەریایەک خوێنیان کردۆتە شاباشی بووکی ئازادی، بەداخەوە لە هەلومەرجی ئێستادا ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد تاقە بستێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتیان لەبن پێ‌دا نیەو هەموویان پەنانشینی باشوور یان پەنابەری وڵاتانی بێگانەن. کەچی دەبینین بێجگە لە زۆربوونێکی بێ‌پاساوی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، ئەوانە کە هەشن نەک‌هەر پێوەندی‌یەکی دروستو جێی‌هیوایان لەنێودا نیە، بەڵکوو لەنێوخۆی هەرکام لەوانیش‌دا ئەوەی نای‌بینی تەبایی‌و یەکڕیزی یە و کەمتر لایەنێک دەبینی کە دوچاری لەتبوون‌و لێکترازان نەهاتبێ.

**بچینە باکووری کوردستان.** دەگەڵ شانازیم بە هەموو قوربانی‌و دەسکەوتە سیاسی‌یەکانی ئەو بەشە، دەبینین هەرئێستا کە بەخۆشی‌یەوە دەروویەکی خێر لە ئاسۆی خەباتی ئەو بەشەی نیشتمان‌دا بەدی دەکرێ، یەک‌لایەنەجووڵانەوەو نەخوێندنەوەی لایەنە جیابیرەکان مەترسیی سەرنەکەوتنی ڕەوتەکەو نیگەرانی لە دوارۆژی پێکەوەژیان‌و پێکەوەکارکردنی ڕەوتە فکری‌یە جیاوازەکان دڵ‌و دەروونی دڵسۆزانی کورد لە هەموو جێیەکی ئەم جیهانەی داگرتوە.

**لە ڕۆژئاوا** کە بەخۆشی‌یەوە لە ئاکامی لاوازی‌و ناچاریی دیکتاتۆری سەرەڕۆیی‌دا دەرفەتێک - هەرچەند زۆریش جێی متمانە نەبێ- بۆ کورد پێک‌هاتوە، هێشتا هیچ نەچەسپاوە حکوومەتی تاک حیزبی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوەو لەکاتێک‌دا یەکێک لە گەورەترین پادگانەکانی سوپای






ئەسەد لە قامیشلوو بە ئەرخەیانی پاڵی لێداوەتەوەو کەس لە گوڵ کاڵتری پێناڵێ، تێکۆشەرانی سەربەئۆپۆزیسیۆنی جیابیری کورد دەبێ بە پسوولەو بەدانی باجی تێپەڕین هاتوچوو بکەن.

**دێینە باشوور**. قیبلەگای ئازادیی کوردو جێهیوای هەموو کوردێکی تامەزرۆی ئازادیو دیتنی دەوڵەتی کورد. سەرباری هەر کەموکوڕییەک کە بێتە بەرچاو، بەشبەحاڵی خۆم شانازی بە هەموو دەسکەوتو پێشکەوتنەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکەم، بەڵام ناتوانم خەفەت نەخۆمو نیگەرانییەکی بەجێ دامنەگرێ کە دەبینم زیاتر لە شەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پارلماندا تێپەڕیوەو هێشتا خەبەرێک لە دامەزرانی کابینەی تازە نیە. بەتایبەتی کە هەموومان دەزانین هۆی دانەمەزرانی کابینەی نوێ ململانەی حیزبیو شەڕ لەسەر دەسکەوتو کورسیی زۆرترو گرنگترە. ئەو داخەش بەجێی خۆی کە ناکۆکیو ناتەبایی نێوخۆیی زۆرجار دەگاتە ئەو جێگایە کە ئەوانەی هەرگیز خێری میللەتی کوردیان نەویستووەو ناوێ هەق بەخۆیان دەدەن، یان هەقیان پێدەدرێ ببنە غەمخۆرو نێوبژیوان".

## بارودۆخی نیشتمانی لە بەشەکانی کوردستان

کە دەڕوانینە هەلومەرجی نیشتمانیی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان، دەگەڵ ریزە ئاستەنگێک بەرەوڕوو دەبین کە بۆمان دەبێتە دەردی سەرباری دەردە خۆبەخۆیەکە. لە هێندێ بەشی کوردستاندا دەبینی کە دەسەڵاتی ناوەند لە دەستی کەللەڕەقترین چینو توێژەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوادایە، چینوتوێژگەلێک کە باسکردن لە کەسایەتیی کوردو مافی نەتەوایەتیی کورد بەگوناهی کەبیرە دادەنێن، چووکترین هەوڵ بۆ گۆڕینی ئەم پێوەندیە نابەرابەرو ناعادڵانەیە بە جیاوازیخوازی لەقەڵەم دەدەنو جیاوازیخوازییش بە گوناهێک دەزانن کە هەموو زوڵموزۆرو کوشتوکوشتارێکی پێ پاساو بدرێ. جارێک بەتورکی چیاییمان دەناسێنن، ڕۆژێک بە ئێرانییانی ڕەسەن، نەک بەمانای هاونیشتمان، بەڵکوو بەمانای بەشێک لە فارس کە مافی بیرکردنەوە لە جیاوازییشمان پێڕەوا نابینن‌و تەنانەت دەگەڵ هەموو جیاوازییەکی ئێتنیو ڕەگەزی کە لەئارادا هەیە، جاری وایە بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەبمان دادەنێنو ڕەنگە لێشمان قەڵس بن کە پشتمان کردۆتە ڕەسەنایەتیی عەرەبیو چەتفەو عەگالمان وەلا ناوە.

## بارودۆخی هەرێمی

خۆ ئەگەر باس بێتە سەر هەلومەرجی هەرێمییش نیزیکترین دراوسێکانی کورد لە هەرێمدا هەر ئەو دەسەڵاتدارانەن کە هەڵوێستو بیروبۆچوونەکانیان بەرامبەر بەکورد باس کرا. لەوحاڵەدا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هیچکام لە نەتەوە هاونیشتمانو هاوهەرێمەکانمان فاکتەرێکی یارمەتیدەر نین بۆ ئەوەی کورد بەشێوەیەک لە شێوەکان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی شاد بێ. نەگبەتی لەوەدایە کە ئەم هەڵوێستەی دراوسێکان بەرامبەر بە کورد تەنیا تایبەتی دەسەڵاتداران نیەو لە زوربەی حاڵەتەکاندا حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بەرامبەر بە کوردو مافەکانی، هەر پەیڕەوی لەو سیاسەتو بۆچوونەی دەسەڵاتداران دەکەن. دەبێ چەند سەدە بگوزەرێن هەتا مرۆڤێکی مرۆڤدۆستی وەک دوکتۆر ئیسماعیل بێشکچی هەڵکەوێ کە ئامادە بێ لە پێناوی هەقو دادپەروەریو باوەڕە ئینسانییەکانیدا بە دەیانو سەدان ساڵ حوکمی زیندان لە دەستی هاوڕەگەزەکانی خۆی وەربگرێ؟

## فاکتەری نێونەتەوەیی

بێینە سەر باسی فاکتەری نێونەتەوەیی. چەند ناخۆشە کە دەبینین ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە گۆیا دەبێ پارێزەری بەند بە بەندی بڵاوکراوەی جیهانیی مافی مرۆڤ بێ لە نیزیک بە سێچارەکەسەدە تەمەنی خۆیدا بۆ تاقەجارێکیش باسی مەسەلەی کورد، وەک چارەنووسی

نەتەوەیەکی دەیان ملیۆن حەشیمەتیی نەخستۆتە نێو دەستووری کۆبوونەوەکانیو بەرامبەر بەو هەموو کوشتو کوشتارە کە لە کورد کراوە جارێک نەهاتۆتە دەنگو بڕیارنامەیەکی بۆ مەحکوومکردنی دەرنەکردوە. کاتێک ئەمە کارنامەی ئەو ئۆرگانە بێ کە پێیدەڵێن شەرعیەتی نێونەتەوەیی تەکلیفی زلهێزە جیهانییەکان کە هەروەخت بە قازانجی خۆیانی بزانن دنیا ژێروژوور دەکەن، ڕوونە. ئیدی ئەوان تەنیا ئەوکاتە "ئاوڕ" لە کورد دەدەنەوە کە لە جێگایەک بزانن بزووتنەوەی کورد دەتوانێ لاباریکیان بۆ ڕاست بکاتەوە. ئەگینا هەرکە کاریان بەکورد نەماو بە ئامانجەکانیان گەیشتن پشت دە کوردو مەسەلە ڕەواکەی دەکەنو زۆر ئابڕووبەرانەش پشتیان تێدەکەن. کارنامە پڕشوورەییەکەی ساڵی١٩٤٦ی یەکیەتیی شووڕەوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هی ١٩٧٥ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێوەندیی دەگەڵ شۆڕشی کورد لە باشووردا بەحەق جێگای دەرسلێوەرگرتنن.

## چارە چیە؟

ئەوانەی گوتمان بۆ ئەوە نەبوون کە ئیدی دەست لە کراس بێنینە دەرو دەستەوستان لە ماڵی خۆمان دانیشینو کورد گوتەنی "بە بەشی خوا ڕازی بین". وەبیرهێنانەوەی هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە شارەزای ڕێبازەکە بینو باش بزانین کە ڕێگای خەبات بۆ ئازادی بە گوڵو ڕیحانە دانەچێندراوە. ئەگینا هەروەک شاعیری نەتەوەیی هەژاری موکوریانی دەڵێ، باوەڕم وایەو تەنانەت لێشم ڕوونە: "سەد هێندە پەژارە لێم وەکو بێ کورد هەر دەبێ ڕۆژێ سەربەخۆ بێ". بەڵام ڕێگاکەی چیە؟ بەڕاشکاوی دەبێ بگوترێ هەتا ئەوکاتەی کوردو کوردستان یەکیان نەگرتۆتەوەو حکوومەتی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ کورد دانەمەزراوە، ئەم گەلە ناتوانێ پاڵی لێبداتەوەو ئاڵای خەباتە ڕەوایەکەی هەڵپەسێرێ. لە نەبوونی دێموکڕاسی لەنێو کوردو کۆمەڵی کوردەواریو وڵاتانی دراوسێدا هەرگیز ناتوانین دڵنیا بین کە دەسکەوتە نیوەچڵەکانیشمان بەتەواوی دەستەبەر بوونو بیمە کراون. هەر تەماشای بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان بکەن. لەحاڵێکدا بوونی کوردو مافە ڕەواکانی لە عێراق بەڕەسمی دانی پێدا نراوەو لە قانوونی بنچینەیی عێراقدا چەسپاوە، شەریکەکانی دەوڵەتی کوردی چەندی بۆیان بکرێ خۆ لە جێبەجێکردنی ئەو بەندە دەستووریانە دەدزنەوە کە پێوەندییان بە مافو ئازادیەکانی کوردەوە هەیەو ئەوە ماوەیەکە "بەرگی نوێت لێ مەبارەک بێ" هەڕەشەی نانبڕینیش لە کورد دەکەن، ئەگەر بێتو ڕێبەرایەتیی کورد "پێ لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕاکێشێ". کەوایە، بەهەق پێشەنگانی بزووتنەوەی کورد لەدواساڵەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بە هەڵسەنگاندنێکی وردو ژیرانەوە دێموکڕاسی بۆ وڵاتانی کوردنشینیان هێناوەتە نێو دروشمی ستراتیژیی خۆیانەوە.

## ڕاگەیاندنی یەکلایەنە

ڕاگەیاندنی سیستمی کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان کە جاروبار بە ئاماژە باسی لێوە دەکرێ دەتوانێ چەندە دەگەڵ واقیع بگونجێو کورد لەبەری بحەسێتەوەو لە سێبەریدا بحەوێتەوە؟ دەزانین کە سیستمی کۆنفیدراڵییش هەروەک فیدراڵیەکە پێویستیی بە ڕێککەوتنی دوولایەنە هەیەو کاتێک دەوڵەتی فیدراڵ ئامادە نیە لە چوارچێوەی دەستووری فیدراڵدا دەگەڵ کورد بکەوێتە دانوستانێکی جیددییەوە، ساویلکەیی دەبێ ئەگەر پێمان وابێ مل بۆ سیستمی کۆنفیدراڵی ڕادەکێشێ. دەمێنێتەوە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کە ئەمیان شەرت نیە دەوڵەتی ئێستای عێراق پەسندی بکا. بەڵام داخوا لە هەلومەرجێکدا کە باشووری کوردستان چواردەوری بە دوژمن تەنراوە، ئەو سەربەخۆییە چەندە شانسی پارێزرانو مانەوەی هەیە؟ داخوا چوار دەوڵەتی ئێرانو تورکیاو عێراقو سووریا چەندە دەتوانن بوونی دەوڵەتێکی کوردی لە بنەوپاڵی خۆیاندا هەزم بکەن؟ لەمانەش گرنگتر ئایا شەرعیەتی نێونەتەوەییو زلهێزە جیهانخۆرەکان تا چڕادەیەک پشتیوانی لە حکوومەتێکی لەو چەشنە دەکەن، دانی پێدا دەنێنو لە پەلاماری ناحەزان دەیپارێزن؟ بەداخەوە هەڵوێستی زلهێزەکان بەرامبەر بە جیابوونەوەی نیوەدوڕگەی کریمە لە ئوکراین کە یەکێک لە دوو جەمسەرە جیهانییەکەشی لەپشت ڕاوەستابوو، ئاماژەیەکی

هیوابەخشمان بۆ نانێرێ. لەوەش گەڕێ کە دامەزرانی حکوومەتێک بۆ تەنیا بەشێکی کوردستان ئەو ئامانجە گەورەیە ناپێکێ کە کورد سەدان‌ساڵە بەدوایدا عەوداڵە.

لەو حاڵەدا ڕێگاچارەی یەکجاری بۆ ئەو گیروگرفتە بەرلە هەموو شتێک پشوودرێژیی خەباتگێڕانەو حەکیمانە ڕەفتارکردنە. بەداخەوە ئەمن زۆرجار هەست دەکەم کە بەشێک لە خەڵکی ئێمەو تەنانەت هێندێک لە سیاسی‌یەکانیش -هەرچەند کەمیش بن- چاوەڕوانی سەرکەوتنی هەرزان‌قیمەتو خێران، شتێک کە بۆ هەمووان خۆشە، بەڵام وا بە ئاسانی دەست نادا. کەوایە دەبێ پشوومان درێژ بێ، بە وردبینی‌و هەڵسەنگاندنەوە ڕەفتار بکەین‌و "بەبێ بوار وەنێو ڕووبار نەکەوین". جگە لەوە، دەبێ هەوڵ وتەقەلایەکی بێ‌پسانەوە بدەین بۆ جێگیربوونی دێموکڕاسیی ڕاستەقینەو باوەڕ بە دێموکڕاسی لە نێو خۆمان‌و کۆمەڵی خۆمان‌و لەنێو گەلانی دراوسێدا. چونکە لە حاڵەتی جێگیربوونی دێموکڕاسی‌دا ئیدی چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی لە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان لێدەژی ئاسانتر بە گەرووی هەمووان‌دا دەچێ‌و ئیدی پێویست ناکا لافاوی خوێنی لەسەر وەڕێ کەوێ. بەش بەحاڵی خۆم پێم‌وایە ئەگەر دێموکڕاسی بە مانای واقیعی جێگیر بێ نە گەلانی تائێستا بەش‌خوراو پێ لەسەر جیابوونەوە لە هاونیشتمانانی دیکەیان دادەگرن‌و نە ئەوانیش جیابوونەوە بەکارەسات دادەنێن. ئەمن بە دووری نازانم کە سیناریۆی چارەسەری یەکجاریی مەسەلەی کورد ئەوە بێ کە لەپێش‌دا لە هەر چوار وڵاتی کوردنشین‌دا فیدراڵیزم جێگیر بێ‌و دواتر کۆنفیدراڵی‌یەک لە ناوچەی ئێمە دروست بێ کە کوردستان ببێتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی‌و لەو کۆنفیدراڵی‌یەدا ئیدی هەموو نەتەوەکان بە مافی بەرامبەرەوە پێکەوە بژین. خۆ ئەگەر خوا کردی‌و دەرفەتی گونجاو ڕەخسا بۆئەوەی نەتەوەی کورد زووتر بە ئاواتە ڕەواو لەمێژینەکانی بگا، چ باشتر. لەمێژە گوتوویانە: "کوێر چیی دەوێ؟ دوو چاوی ساغ".

باشووری کوردستان، ٢٩ی مارچی ٢٠١٤

(**گۆڤاری کوردستان دیپلۆماتیک**، **ژمارە ٤**، **مای ٢٠١٤**)



# داگیرکاری و سڕینەوەی داگیرکاری(استعمار و استعمارزدایی):

ن: ئەحەد ئەحمەد رەش



کێ بەرکێی بازرگانی نێوان دەوڵەتەکان و سیاسەتی میرکانتالیسم و گەڕان بەدوای سەرچاوەکان بەتایبەت کانزا پڕ بایەخەکان(زێڕ- مس- ئالومینیوم- ئاسن- ئەڵماس و ...)، بوون بە هۆی ئەوەی کە وڵاتەکان بە کەشتی سەراسەری جیهان بپشکنن و وڵاتانی تازە بدۆزنەوە و داگیری کەن و پەیوەستی وڵاتی خۆیانی بکەن و لە سەرچاوەکان کەڵک وەرگرن.

لە راستی دا لە سەرەتای سەدەی ١٧ دوای زایین، سیاسەتی داگیرکاری وڵاتانێکی وەک: پورتەغال- هولەند- ئینگلیز- ئیسپانیا- فەرانسە و ... کە بوونە هۆی ئیمپڕاتووری گەورە لە سەدەی ١٨ و ١٩ دەستپێیکرد. ئامریکا وەک ئافریقا و ئوسترالیا بەستراوەیی سیاسی بەو زلهێزانەی ئورووپاوە هەبوو.

ئاسیا وەک دایکی قارەکان(قورنە)، بەناو بانگە کە بە درێژایی مێژوو کۆمەلێک لە بەستراوەیی سیاسی هەبوە. لە ئاکام دا ل سەدەی ١٩ و نیوەی سەدەی بیستم ژمارەی دەوڵەتە سەر بە خۆیەکانی ئەفریقایی و ئاسیا کەم بوون، فەرانسە ١٨ وڵات، ئینگلیس ٢٢ وڵاتی داگیر کردبوو.هولەند و بلژیک و ئیتالیا کەمتر بوون. ئافریقا لە پێش دا لە نێوان فەرانسە و هولەند و بلژیک دابەش ببوو، بەلام پاشان ئینگلیس دەستی بە سەر هەمووی،بێجگە لە ئیتیۆپی و لیبریا داگرت. پورتەغال بە هۆی دیتنەوەی هیندوستان، ئانگولا و موزامبیکی پێ بەخشرا.

## قارەی ئاسیا لە ١٩١٤ ئاوا دابەش کرابوو:

رووسەکان: سیبری - رۆژهەڵاتی دوور - ئاسیای ناوەندی یان لە دەست دابوو.

ئینگلیسیەکان: هیندوستان – بێرمە – مالایا – سەنگاپوور - هۆنگ کۆنگ و باکووری دوورگەی برنێئو.

فرانسەویەکان: هیند و چیین.

هولەندیەکان: ئەندونزی.

پورتەغالیەکان: جەزیرەی تەیمور - گوا(هیندوستان) - ماکائۆ(چیین).

ئامریکاییەکان: فیلیپین- لە سەرەتای سەدەی بیستەم ژاپۆن- کورە- جەزیرەی فورموز(تایوان).

کە بەرەبەرە بە سەر هەڵدانەکانی ناسیونالیزمی و سەربەخۆیی گەلان، ئەو ئیمپڕاتورییە گەورانە ، بچووک بوونەوە و ئەو وڵاتانەی لە ژێر داگیرکەری رەزگاریان بوون، بوونە وڵاتەکانی سەربەخۆی نێو رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان. لە جێی ئەوە ئیمپریالیزم هاتە ئاراوە، کە رووسیە و ئامریکا بۆ دەست بەسەر داگرتنی وشکایی دەورووبەریان و هێنانە ژێردەستی خەڵکی ئەو وڵاتانە، نموونەی هەرە بەرچاوی ئیمپریالیزمن.

## داگیر کاری ئورووپایی:

بەر لەوی داگیرکاری ئورووپایی کە تاکوو دەوروبەری ئەو قارەیە درێژ ببووە، بوونی هەبێ، لە نێو قارەکەدا چەند ئیمپراتووری هەبوون و ئورووپا بە هۆی حەشیمەتی زۆری دانیشتوان، لە باری بازرگانی، سیاسی، نیزامی و دیپلۆماتیکەوە، پسپۆڕ و لێزان بوون، ناوەندی سیاسی جیهانی پێکهێنابوو. ئەوەی ل سەدەی رابردوو لە ئورووپا روویداوە، کارلێکەری لە سەر چارەنووسی ناوچەکانی(ماورا بحار)، ئەوسەری دەریاکان دانابوو. نەخشەی سیاسی ئوروپا لە ساڵی ١٨١٥، نیشان دەدات کە ئەو قارەیە چەند ئیمپڕاتووری چەند نەتەوەیی پێکهێنابوو کە بریتین لە:

بریتانیا- ئوتریش- رووسیە و عوسمانی. ئەو نەخشەیە ئاکامی کۆنفڕانسەکانی نێونەتەوەیی ساڵی ١٨١٤تا ١٨١٥ایە. سنووری ئیمپڕاتوریەکان بە بێ لە بەر چاو گرتنی هەستی نەتەوەیی گەلان دیاری کرابوون. ئەو ئیمپراتورییانە لە جێی خۆی مانەوە و ئیمپراتوری رووسیش پێوەلکا، کە زۆربەی وڵاتانی دەورووبەری خۆی داگیر کرد. لێرەدا فەرانسە نچووکتر ببووەوە، هێندێک لە ناوچەکانی وەک : زوالۆنەکان، فلامەنەکان، هولەندەکان و کاتولیکەکانی رۆم و پروتستانەکانیان لێی جیبابوونەوە و بە شێوەی پادشایی نوێ دەرهات.ئاڵمان و ئیتالیایەکانیش لە ساڵی ١٨١٥ وەک کۆمەلەیەک لە یەکگرتوە جۆراوجۆرەکانی، دەرهاتن. لە ئاڵمانی پادشایی پرۆس تەنیا دەوڵەتی بە هێزی ئەو کونفدراسیونە نوێیە بوو کە توانی رووبەرێکی زەوی زۆر داگیر بکات و دەسەڵات بە سەر ناوچەکەدا بە دەست بێنێ و لە بواری سیاسی و نزامی بە هێزتر بێت و وەک خۆی بمێنێتەوە.

ئیتالیا وەک ئاڵمان نەیتوانی تا ساڵی ١٨٧١. ببێتە وڵاتێکی یەکگرتوو. پارچە پارچە بوو، چەند پادشای هەبوو، کە گەورەترینیان پاشاکانی(وێنیز- لمباردی- دوسیسیل- (ناپل و سیسیل)،و ئیالەتی پاپ بوو). دوو پاشای وێنیز و لەمباردی وەک کەرەسەی بەرون مەرزی ئیمپراتوڕی ئوتریش مابوونەوە. ئەو بشێوییە و ئاڵۆزیە کە بۆ ئورووپا مابوە، ئاکامی شەڕی دووروودرێژی دژی فەرانسەویەکان بوو کە هەستی نەتەوایەتی و پێکەوە ژیانی گەلانیان لە بەر چاو نەگرتبوو. بۆیە بە بەردەوامی بیرۆکەی نەتەوەخوازی و سەربەخۆیی لە نێو گەلانی پارچە پارچە کراوی زلهێزەکانی ورووپایی دا هەبوە.کە پتر لە رێگای چاوەدێری پۆلیس و هێزە نزامیەکان و نزامی برۆکراسی(حکومەتی کارمندی و کاغەزی)، توانیان دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

بەڵام رێبەرانی نەتەوەیی بە زیندوو کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی گەلان، جەماوەریان بەرەو وەدەست هێنانی مافە سیاسی و سەربەخۆیی هان دا،کە ئیمپڕاتورەکان ناچار کران هێندێک بەرژەوەندیان پێ ببەخشن. بۆ وێنە رۆمانی لە ساڵی ١٨٧٨ سەربەخۆیی خۆی لە ئیمپڕاتوری عوسمانی وەرگرت. ئوتریش لە ساڵی ١٨٦٧، هەنگری(مەجارستان)ی بە خاکی خۆیەوە لکاند و ئیالەتی لەمباردی و ونیزی داوە بە ئیتالیا.
بەو حاڵەش ئیمپڕاتووری عوسمانی بە لاوازی وەک خۆی مایەوە. لەبەر ئەو هۆیەی ئەگەر نەما، کێ سەرپەرستاری ئەو وڵاتانەی لێی جیا دەبنەوە بە دەستەوە دەگرێ؟

بە دوای ئەوەدا، شۆڕشەکانی دژی سیستمی پاشایەتی لە فەرانسە بە درووشمی ئازادی- بەرانبەری- برایەتی بوون بە هۆی هەڵستانی جەماوەری خەلکی ئورووپا دژی پاشاکان. شورشی ١٧٨٩ای فەرانسە، قەرزداری رۆسۆ، فیلەسوفی سویس یە. کە بیروڕای وا بوو کە نە،نەتەوەکان و نە، پاشاکان نوێنەری کەسایەتی دەوڵەت نین، بەڵکوو ئەوکەسانەن کە دەبێ دەسەڵاتی تەواویان هەبێ. کە ئەوە بوو بە هۆی شکستی ناپێلئۆن بۆ دامەزراندنی ئیمپڕاتووری.

ئەو شۆڕشانە کارلێکەری لە وڵاتە ژێر دەسەڵاتەکانی ئینگلیس هەبوو، لە ئامریکا ١٣ پارچەی داگیرکراوی ئینگلیسی داوای سەربەخۆییان کرد، لە ئیالەتی مین تا جورجیا سەربەخۆیی خۆیان لە ژێر نزامێکی کۆماری دامەزراند.

لە ئامریکای باشوور و ناوەندی بەرێبەرایەتی سیمون بولیوار لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی ١٩ لە پارچە داگیرکراوەکانی ئیمپڕاتوری ئیسپانیا شۆڕشیان کرد و کۆماری سەربەخۆیان دامزراند.

لە درێژایی سەدەی ١٩، تا کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم حکومەتەکان توانیان زۆربەی سەرهەڵدانە نەتەوەیی خوازەکان سەرکوت بکەن. تێکۆشانی لەهستان لە ساڵی ١٨٣٠ تا ١٨٤٨ لە ژێر دەستی ئیمپڕاتوری رووسیا بێ ئاکام مایەوە.

هەروەها شۆڕشی مەجارستان بەرێبەرایەتی کوشوت لە ساڵی ١٨٦٨ کە بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە ئیمپڕاتوری ئوتریش کرا، ب دەست تێوەردانی ئەرتەشی رووسیە تێک شکا.

بوونی ئیمپراتوری ژێرمەن بە رێبەرایەتی پروس لە ساڵی ١٨٧١ و سیاسەتی هاوکاری لە سەر بەرژەوەندی هاوبەش لە گەڵ ئیمپڕاتورەکانی دراوسێ بوون بە هۆی تێک شکانی زۆربەی سەرهەڵدانە نتەوەخوازەکان، پاشایەتی ئینگلستان(١٨٠١)، بە رێگادان بە ئیرلەندەکان بۆ نێو پارلەمانی ئەو وڵاتە توانی دەست بە سەر ئیرلەندا دابگرێ.

## رووخانی ئیمپڕاتوریەکان:

شەڕی جیهانی یەکەم کە کۆتایی پێ هات، زۆربەی ئیمپڕاتوری و دەسەڵاتە گەورەکانی هێنابییە سەر ئو باوەڕە کە دەبێ بیر و را و نزەریان لە بارەی بوارەکانی زەوی جیهانی بگۆڕن. ئەوە دۆخی لەبارتر کرد بۆ داواکاریە نەتەوەیەکان. لە ئاکامدا نەخشەی سیاسی جیهان سەر لە نوێ دارێشتراوە.

لە ئوروپائیمپڕاتوریەکانی لە شەڕ بەشداریان کردبوو، شکستیان خواردبوو، رووخان. لە ئینگلستان بە ئازاد راگەیاندنی ئیرلەند، داگیرکاریەکانی دەرەوەی پاراست. سەرکەوتوەکانی تری وەک: فەرانسە- ئمریکا- بلژیک و هولەند، ئیمپڕاتوری(ماورابحار)یان پاراست. ئیمپڕاتوری رووسیە بە بوونی شۆڕشی بلشویکی ١٩١٧ بە بەخشینی سەربەخۆیی بە وڵاتانی: فینلاند، ئەستونی، لێتونی، لیتوانی و لەهستان لە نێو چوارچێوەی سنوورەکانی خۆی دا بە شکڵی یەکگرتوویی کۆمارەکانی شۆڕەوی دەرهات.

ئیمپڕاتوری ئاڵمان جێی خۆی دا بە کۆماری ئاڵمان، لە نەزەر رووبەرەوە نچوکتر لە پێشوو بووە. هەر دوو ئیمپڕاتوری عوسمانی و ئوتریش ب تەواوی رووخان و بە جێی وان وڵاتانێکی نوێ هاتنە سەر نەخشەی سیاسی جیهان. هێندێک لەو وڵاتانە دەوڵەتی نتەوەیی(ئوتریش و مەجارستان)، و هێندێک بە شێوەی دەوڵەتی چەند نەتەوەیی(چک و سلواکی- یوهوسلاوی)، و هێندێکیان نەتەوەی نەبوون(وڵاتانی عەرەبی)، دەرهاتن.

بەڵام لە شەڕی جیهانی دووهەم دا، دوای کۆتایی شەڕەکە، بنچینەی ئیمپڕاتوریەکان لاواز بوو و لە ئاکامدا رەوتی سڕینەوەی داگیرکاری دەستی پێ کرا، زۆر وڵاتی سەربەخۆ بە نەخشەی سیاسی جیهانەوە زیاد بوون. ئەو وڵاتانە بە سەر بەخۆیی گەیشتن(میسر- فیلیپین- موغلستان)، (دەوڵەتانی نەتەوەیی)، هێندێک وەک: هێندوستان- مالزی(وڵاتانی چەند نەتەوەیی)، یان لە ژێر دەسەڵاتی هۆزایەتی دابوون وەک: وڵاتانی ئەفریقایی.

سەرچاوە: وێبلاگی هەمووشتێک سەبارەت بە جوگرافیا / رێکەوتی : ١٢ی فێوریەی ٢٠١٤

# بەیاننامەی پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە

**شاروخ ئەرژەنگی**

ئەم بەیاننامەیە لە ٢٦ی مارسی ساڵی١٩٩٤ لە شاری پاریس بەتێکڕای دەنگ لە یەکسەدو پەنجاو چوارمین کۆبوونەوەی یەکیەتی نێوپارڵەمانی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا.



(لە مانگی نوامبێری ساڵی٢٠٠٤ پاش دەساڵ ئەم بەیاننامەیە لە کۆبوونەوەیەکی یەکیەتی نێوپارڵەمانی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی تر پەسەند کراوە.)

## شۆڕای نێوپارڵەمانی،

سەلماندنی گرینگی حاشاهەڵنەگری جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی سیڤیل و سیاسی،
دەری دەبڕێ کە دەسەڵاتی حکومەت دەبێ لە سەر بنەمای ویست و خواستی خەڵک لە هەڵبژاردنی دەورەیی و واقعی دەستەبەر بێت،
پەسەند و پشتراسکردنی ، بنەما بنەرەتییەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە، کە لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە لە بەڵگەنامە جیهانی و ناوچەییەکان بە رەسمی ناسراوە ، لەوانە، مافی بەشداری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی هەر تاکێک لە بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆی لە ڕێگەی نوێنەرانێکەوە کە بە شێوەی ئازاد هەڵبژێردراون، هەروەها مافی دەنگدانی نهێنی، بەهرەمەند بوونی یەکسانی تاکەکان بۆ خۆپاڵاوتن و دەربڕینی بیر و روانگە سیاسیەکانی خۆی بە شێوەی تاک یان کۆمەڵێک لە گەڵ خەڵکی تر.

بە ئاگادار بوون لەم فاکتە، هەر وڵاتێک مافی خۆیەتی بە پێی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سەر داخوازی و ویستی خەڵکەکەی، سیستمی سیاسی ، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی خۆی بەبێ دەستێوەردانی هیچ دەوڵەتێک، بە شێوەی ئازادانە هەڵبژێرێت و پەرە بەم سیستمە بدات.

بە هیوای پەرەسەندن و سەقامگیری سیستمی دێمۆکراتیک و پلۆرالیزمی نوێنەربوونی دەوڵەت لە هەموو جیهان.
هەستکردن و پێبردن بە ئەوەی کە بەرپرسایەتی دامەزراندن و پتەوکردنی دامەزراوەکان و پرۆسەکانی دێمۆکراتیک، کاری هاوبەشی دەوڵەت، دەنگدەران و حیزب و گروپە سیاسیەکانە، هەڵبژاردنی دەورەیی و تەندروست ، هۆکاری گرنگ و پێویستە بۆ پشتیوانی لە ماف و دەستکەوتەکانی بەڕێوەبەران، و مافی بەشداریی هەمووان لە بەریوەبردنی حکومەتی ولات وەکوو ئەزموونێکی عەمەلی، فاکتۆرێکی زۆر گرینگە بۆ بەهرەمەندی لە مافی مرۆڤ و ئازادیە بنەرەتییەکان بەشێوەی کاریگەر.
بەهۆی پێشوازی بەرفراوان لە دەورو نەقشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتی نێوپارڵمانی، ڕێکخراوە ناوچەییەکان، کۆمەڵەی پارڵەمانی و ڕێکخراوە نێو نەتەوەیی و نەتەوەییە ناحکوومیەکان، بۆ دەستەبەرکردنی یارمەتیگەلی هەڵبژاردن لە سەر داوای حکومەتەکان، ئەم بەیاننامەیە سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئازاد و عادڵانە پەسەند کرا، و داوا لە هەموو دەوڵەت و پارلەمانەکان لە سەراسەری جیهان دەکات کە بنەما و پێوەرە ستانداردە دیاری کراوەکانی ئەم بەیاننامەیە رچاو کەن.

## ١- هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە

دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێک تەنیا دەتوانێت سەرچاوە بگرێت لە ئیرادەی خەڵکەوە، لە رێگەی هەڵبژاردنی تەندروست، ئازاد و دادوەرانە کە بە شێوەی هەڵبژاردنی دەورەیی بەرێوە دەچێت و بە دەنگی یەکسانی هەمووان و بە شێوەی نهێنی.

## ٢- مافەکانی دەنگدان و هەڵبژاردن

١ - هەر شارۆمەندێک کە بە تەمەنی یاسایی گەیشتبێت، مافی دەنگدانی هەیە بە بێ جیاوازی .

٢-هەر شارۆمەندێک کە بەتەمەنی دەنگدان گەیشتبێت، بۆ خۆناونووس کردن بۆ دەنگدان ، مافی بەرەمەند بوون لە شێوازێکی کاریگەر، بێلایەنانە و بێهەڵاواردنی هەیە.

٣- هیچ شارۆمەندێکی خاوەن مەرج، نابێت لە مافی دەنگدان و ناونووسیکردن وەک دەنگدەر، بێبەش بکرێت، مەگەر بە پێی ئەو پێوەرە دیاریکراوەکانەی کە دانپێدانراون و لە رێساکانی دەوڵەتدا هاتوون و ئەو یاسایانە گونجاون لە گەڵ ئەو یاسا نێو نەتەوەییانەی کە پێشتر ئەو دەوڵەتە بە رەسمی ناسیویەتی.

٤ - هەر تاکێک کە لە مافی دەنگدان یان ناونووسیکردن وەک دەنگدەر بێبەش کراوە، مافی خۆیەتی سکاڵا تۆمار بکات لە دەزگای باڵای دادوەری بۆ پێداچوونەوەی هەر جۆرە هەڵەیەک بە شێوەیەکی کاریگەر و خێرا.

٥ - هەر دەنگدەرێک بۆ دەنگ دان، مافی ئەوەی هەیە دەرفەتی بەرانبەری بۆ بڕەخسێ بۆ شوێنی دەنگدان.

٦ - مافی هەر دەنگدەرێکە، دەنگی، بەرانبەر و هاوسەنگ بێت لە گەڵ خەڵکی تر.

٧ - مافی دەنگدان بە شێوەی نەهێنیە و بە هیچ شێوەیێک نابێت سنووردار بکرێت.

پەسەند و پشتراسکردنی ، بنەما بنەرەتییەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە، کە لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە لە بەڵگەنامە جیهانی و ناوچەییەکان بە رەسمی ناسراوە ، لەوانە، مافی بەشداری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی هەر تاکێک لە بەرێوەبردنی وڵاتی خۆی لە رێگەی نوێنەرانێکەوە کە بە شێوەی ئازاد هەڵبژێردراون، هەروەها مافی دەنگدانی نهێنی، بەهرەمەند بوونی یەکسانی تاکەکان بۆ خۆپاڵاوتن و دەربڕینی بیر و روانگە سیاسیەکانی خۆی بە شێوەی تاک یان کۆمەڵێک لە گەڵ خەڵکی تر

## ٣- ماف و بەرپرسایەتی کاندیداتۆری، حیزب و کەمپەینی هەڵبژاردن

١ - مافی هەر کەسێکە بەشدار بێت لە بەرێوەبردنی وڵاتەکەی و دەبێ هەل و دەرفەتی بەرابەری بۆ بڕەخسێ بۆ کاندید بوون لە هەڵبژاردنەکان. پێوەرەکانی بەشداری لە حکومەت دەبێت بە پێی دەستوری وڵات (قانون اساسی) و یاسای نەتەوەیی دیاری بکرێت و نابێت ئەم یاسایانە دژایەتی لە گەل بەڵێنە نێو نەتەوەییەکانی دەوڵەت بێت.

٢- هەر کەس مافی ئەوەی هەیە کە خۆی یان لە گەڵ کەسانی تر پەیوەست بێت بە حیزب یان رێکخراوێکی سیاسی، بە مەبەستی هەڵمەتی هەڵبژاردن.

٣- هەر کەس بە تاک یان بە کۆمەڵ مافی هەیە:

روانگە سیاسیەکانی خۆی دەرببڕێت بەبێ دەستێوەردانی کەس.

بەدوادا گەڕان و وەرگرتن و راگەیاندنی زانیاری بە مەبەستی هەڵبژاردنێکی ئاگادارانە.

بە مەبەستی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە وڵات، بە ئازادی هات و چۆ بکات.

بە مەبەستی هەڵمەتی هەڵبژاردن، پێوەر و بنەمای یەکسان هەبێت لە نێوان حیزبە سیاسیەکان و بە تایبەتی حیزبی دەسەڵاتدار،

٤- دەبێ هەر کاندید و حیزبێکی سیاسی هەل و بواری بەرابەری بۆ برەخسآ بۆ دەستپێراگەیشتن بە راگەیاندن، بە تایبەتی راگەیاندنی گشتی، تا راو بۆچوونە سیاسیەکانی خۆی دەرببرێت.

٥- دەبێ مافی ئاسایشی گیانی و ماڵی هەر کاندیدێک بە رەسمی بناسرێت و پارێزگاری لێ بکرێت.

٦- هەر تاک و حزبێکی سیاسی مافی خۆیەتی لە باری یاسایی پشتیوانی لێبکرێت و پێشێلکاری مافی هەڵبژاردن و مافە سیاسیەکانی چارەسەر بکرێت.

٧- ئەو مافانەی سەرەوە، دەتوانێت تەنیا بابەتگەلێکی سنوورداری تایبەتی بێت، کە بە پێی یاسا و پێویستی گونجاو لە هەر کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک دانراوە بە هۆی پرسی ئاسایشی نەتەویی و یان داوای گشتی، یان پشتیوانی لە تەندوروستی، ئەخلاقی گشتی یان ماف و ئازادی خەڵک پێویستە. و ئەم سنوورانە دەبێت تەبا بێت لە گەڵ بەڵێنی دەوڵەتەکان لە مافە نێونەتەوەییەکان.

سنوورە رێگە پێدراوەکانی کاندیداتۆر و چالاکی حیزبە سیاسیەکان و مافەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن نابێت دژایەتی بێت لە گەڵ بنەمای رەچەڵەک، رەنگ، رەگەز، زمان، ئایین ، سیاسی یان روانگەی تری، گرێدراوی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی دارایی ، لەدایکبوون یان هەر شتێکی تر.

٨- هەر تاک یان حزبێکی سیاسی کە مافی کەمپەین، کاندیداتۆری یان حیزبی لێ بسێندرێتەوە یان سنووردار بکرێت دەبێ مافی ئەوەی هەبێت داوای پێداچوونەوە بکات لە دەزگای باڵای دادوەری، بۆ پێداچوونەوەی بەسەر ئەو بریارە یان راستکردنەوەی هەر جۆرە هەڵەیەک، بەخێرایی و بە شێوەیەکی کاریگەر.

٩- مافی کاندیداتۆر، حیزب و کەمپەین هاوکات هەندێک بەرپرسایەتی دەخاتە سەر شانی لە بەرانبەر کۆمەڵگە. بە تایبەت ئەم بەرپرسایەتییە کە هیچ کاندید یان حزبێکی سیاسی نابێت دەست بەرێت بۆ توندوتیژی.

١٠- هەر کاندیداتۆر یان حیزبێکی سیاسی کە لە حاڵی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەبێ رێز دانێت بۆ ماف و ئازادی کەسانی دیکە.

١١- هەر کاندیداتۆر یان حیزبێکی سیاسی کە لە حاڵی هەڵمەتی هەڵبژاردن دایە، دەبێ ئاکامی هەڵبژاردنی ئازاد و عادڵانە بە رەسمی بناسێت.

## ٤- ماف و بەرپرسایەتی حکوومەتەکان:

١- حکوومەتەکان دەبێ هەنگاوە یاساییەکانی پێویست و پێوەرەکانی تر، بەپێی پرۆسەی دەستووری وڵات لە بەرچاو بگرن بۆ ئەوەی بتوانن بە پێی بەڵێنەکانی خۆیان لە مافە نێو نەتەوەییەکان ، مافەکان و چوارچێوەیەکی دامەزراوە، بۆ هەڵبژاردنی دەورەیی، واقیعی، ئازاد و دادپەروەرانە گەرانتی کەن، بە تایبەت وڵاتەکان دەبێت:

وەگەڕ خستنی شێوەکارێکی کاریگەر، بێلایەن و بێهەڵاواردن بۆ ناونووسکردنی دەنگدەران،

پێوەرگەلی روون بۆ ناونووسکردنی دەنگدەران، وەکوو تەمەن، شارۆمەندی و نیشتەجێیی دانرێت و دڵنیا بێت کە ئەم پێوەرانە، بە بێ جیاوازی هەر پۆلێنکردنێک بەرێوە دەچێت.

هەل رەخساندن بۆ دامەزراندن و چالاکی ئازادانەی حیزبە سیاسیەکان، یان لە ئەگەری بوون، رێکخستنی بودجەی حیزبە سیاسیەکان و کەمپەینەکانی هەڵبژاردن ، دڵنیا بوون لە باتی حیزب و دەوڵەت، دانانی مەرجی بەرامبەر بۆ کێبرکێ لە یاسای هەڵبژاردن.

دەستپێکردن یا ئاسانکاری بەرنامەی پەروەردەی سیڤیل بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خەڵک لە گەڵ دەستوور و پەیرەو و پرسەکانی هەڵبژاردن ئاشناییان هەیە.

٢- بێجگە لەمانە حکومەتەکان دەبێت سیاسەتی پێویست و هەنگاوە رێکخراوییەکان هەڵبێنێت بۆ دڵنیابوون لە جێگیربوونی دەسکەوتە پێشکەوتووەکان و ئامانجە دێمۆکراتیکەکان، لەوانە لە رێگەی دانانی مکانیزمێکی بێلایەن و یەکسان بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن. بۆ نموونە:

دڵنیا بوون لە بەرێوەبەرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردن، کە راهێنان و ئاموزشی پێویستیان بینیوە و بێلایەنانە کار دەکەن و هەروەها پەیرەو و دەستووری هەڵبژاردن بە ئاگاداری جەماوەری دەنگدەر گەیشتووە.

دڵنیا بوون لە ناونووسی کردنی دەنگدەران، بەرۆژ کردنی پەیرە و دەستووری هەڵبژاردن و شێوازی هەڵبژاردن و دەنگدان، بە ئامادە بوونی چاودێرانی نەتەوەییو نێو نەتەوەیی ئەگەر پێویست بێت.

هاندانی حیزب، کاندیداتۆر و راگەیاندنەکان بۆ بە رەسمی ناسینی رێسایەکی ئەخلاقی حاکم بە سەر کەمپەینی هەڵبژاردن و دەورەی هەڵبژاردن.

دڵنیا بوون لە پاکی هەڵبژاردن، لە رێگەی نەهێشتنی دەنگدانی چەند جارە و یان دەنگدانی کەسانێک کە پێوەرەکانی دەنگدانیان نییە.

دلنیا کردنەوە لە پاکی پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان.

٣- وڵاتەکان دەبێ رێز لە مافی مرۆڤایەتی هەموو تاکەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بگرن و دەستەبەریان کەن. لە کاتی هەڵبژاردن دەوڵەت و دامەزراوە حکوومیەکان دەبآ گارانتی ئەم بابەتانە بکەن:

دەبێ رێز بگرێت لە ئازادی هاتووچۆ، کۆبوونەوە، کۆرو کۆمەڵ و رادەربرین ، بە تایبەتی لە شێوەی رێپێوان و کۆبوونەوە سیاسیەکان.

حیزب و کاندیدەکان دەبێ ئازادنە بتوانن رای خۆیان بۆ دەنگدەران دەربىرن و بتوانن لە راگەیاندنی گشتی و دەوڵەتی بە شێوەی یەکسان کەڵک لە وەربگرن.

هەنگاوەکانی پێویست بەرێوە بچێت بۆ گەرانتی وەشانی ناحیزبی دەوڵەت لە راگەیاندنە دەوڵەتیەکان.

* بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنی عادڵانە، وڵاتەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بنێن بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە حیزب و کاندیدەکان بۆ پێشکەش کردنی پلاتفۆرمی خۆیان مەجالی گونجاو و بەرابەریان هەیە.

* وڵاتەکان دەبێ هەنگاوەکانی پێویست و گونجاو بنێن بۆ رێزگرتن لە دەنگی نهێنی و ئەوەی کە دەنگدەران بتوانن ئازادانە و بە بێ ترس و دڵەراوکێ دەنگ بدەن.

* بێجگە لەمانە، دەسەڵاتداران دەبێ گەرانتی بدەن کە دەنگدان ئەخلاقی بەرێوە دەچێت و بەرگری دەکرێت لە فێڵ یان هەر جۆرە کردەوەیەکی نایاسایی و هەروەها ئاسایش، دروستی پرۆسەی هەڵبژاردن دەستەبەر دەکرێت و ژماردنی دەنگەکان بەدەست پێرسنێلی ر ِاهاتوو و بە چاودێری خەڵکی بێ لایەن ئەنجام دەدرێت.

* وڵاتەکان دەبێ هەنگاوەکانی پێویست و گونجاو بنێن بۆ دڵنیابوون لە روون بوونی گشتی پرۆسەی هەڵبژاردن ، بۆ نموونە لە رێگەی ئامادە بوونی نوێنەرانی حیزب و چاودێرە رێگەپێدراوە جیهانیەکان.

* وڵاتەکان دەبێ هەنگاوەکانی پێویست و گونجاو بنێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە حیزب، کاندیدەکان و لایەنگرانیان ئەمنیەتی بەرانبەریان هەیە و بەرپرسانی حکومەتی هەنگاوەکانی پێویست بنێن بۆ بەرگرتن لە توندوتیژی هەڵبژاردن.

* وڵاتەکان دەبێ گەرەنتی ئەوە بکەن کە هەر جۆرە پێشێلکردنێکی مافی مرۆڤ و سکاڵاکردن لە پرۆسەی بەرێوە چوونی هەڵبژاردن، بە خێرایی لە ماوەیەکی زەمانی، لە لایەن کەسی سەربەخۆ و بێلایەن وەک کومیسیۆنی هەڵبژاردن یان دادگا ولآم دەدرێتەوە.

/http://www.ipu.org

سەرچاوە : ماڵپەری ئاسۆی رۆژهەڵات / رێکەوتی : ٢٣ی فێوریەی ٢٠١٣

==========================================================






# کارەساتی ئەنفال

**له ویکیپیدیاوه، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد**

ئەنفال (بە عەرەبی: حملة الأنفال) پرۆسەیەکی حیزبی بەعس بوو، ئامانجی قڕکردنی بنەچەی کورد و سوتانی خاکی کوردستان و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری و لاوازکردن و نەهێشتنی کەلتووری رەسەنی کورد بوو.

## ناوی ئەنفال

ئەنفال سوورەتی هەشتەمی قورئانە لە دوای جەنگی بەدر بڵاو بووەوە بە مەبەستی روونکردنەوەی دابەشکردنی ئەو غەنیمە و دەسکەوتانەی لە شەڕی کافرەکان دەکەوتە دەستی موسڵمانەکان وەک سامان و چەک و مەڕو ماڵات. بەلێکدانەوەی بەعس لە عەمەلیاتی ئەنفال کورد بە کافر و لەڕێ لادەر لە قەڵەم دراو سەرو ماڵی حەڵاڵ کرا. ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ دا حوکومەتی بەعس بە جێش و چەکدارەوە هوجومیان کرد بۆ مەنتیقەی قەرەداغ ، هەمو خەڵکیان گرت وە جیا یان کردنەوە لە یەک. پیاوەکان بە جیا ژن و منداڵ بە جیا پیرەکان بە جیا بردنیان بۆ بنکەی حوکومەتی بەعس، لە دوایدا بردنیان بۆ مەنتیقەی جنوب لە مەنتیقەیەک ناوی عەر عرە. لەوێ بە لێدان و تەعزیب وە خواردن و ئاویان پێ نەدان کە ئاویشیان پێدان وە ئەوەی کە دەمرد ئەیان بردە دەرەوەی بیناکە لە دەرەوەی بیناکە مەنتیقەی سەحراوی بوە هەموی خۆڵو لم بوە لەبەر ئەوە خۆڵو لم یان دەدا بە سەریان دا، لە دوای کاتێکی کەمدا سەگ لاشەکانیان دەرە هێنان و دەیان خوارد. ئافرەتە گەنجە کانیان دەیان فرۆشت چەند وڵاتێکی عەرەبی، لە پاشان بە شۆفڵ چاڵیان هەڵدەکەند و پیاوەکان و گەنجەکانیان دەکردە ناویەوە لە دوای ئەوە بە شۆفڵ خۆڵیان دەدا بە ساریان دا لە پاش ماوەیەک کۆمەڵێکی کەم لە پیر و پەکەوتوکانیان لێبوردنیان بۆ دەرچوو.




## بڕیاری ئەنجامدانی ئەنفال

ئەنجومەنی بەناوی سەرکردایەتی شۆڕش کە بەرزترین دەسەڵاتی بڕیار بوو لە عێراق و سەددام حوسێن سەرۆکی بوو، لە رێکەوتی ٢٩ی ئازاری ١٩٨٧ بڕیاری ژمارە ١٦٠ای دەرکرد و بە پێی ئەو بڕیارە ئەنفال ئەنجامدەرێت. هەر پێش دەستپێکی پرۆسەکە هێزەکانی سوپای عێراق ئازادبوون لە تۆپبارانی ئەو ناوچانەی کە رژێم ناوی نابوو ناوچە قەدەغەکراوەکان و کوشتنی زۆرترین ژمارەی ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانەدا بوون، هەروەها بەپێی بڕیارێکی عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەو شتومەک و سامانەی دەکەوێتە دەست جاشەکان بۆ خۆیان بێت جگە لە چەکە قورسەکان.

## قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال

پرۆسەی ئەنفال بە هەشت قۆناغ بەڕێوە چوو کە بەم شێوەیەی خوارەوە پەیڕەوکرا:

**ئەنفالی یەک** : گەمارۆدانی سەرگەڵو و بەرگەڵو لە ٢٣ ی شوبات بۆ ١٩ /٣ ی ساڵی ١٩٨٨ ئامانجی ئەم هێرشە لە ناوبردن وێرانکردنی (٢٥-٣٠) گوندی دۆڵی جافایەتی بوو، شاڵاوەکە سنوری شارۆچکەکانی (سورداش و دوکان بنگرد و سەرچنار و قەلاچوالان و و چوارتا) ی گرتەوە، سەرپەرشتیاری هێرشەکە لیوا روکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) بوو هێزە بەشداربووەکان پێکهاتبوون لە (٢٠) لیوا و (٦٠) فەوج جگە لە مانەش ٣٠ فەوجی سەربەخۆی موالیدەکانی ١٩٤٥ ، هەموو ئەو هێزانە زیاتر لە ١٠٠ هێرش و پەلاماریان بۆ ناوچەکە برد لە ئەنجامدا ئەم گوندو ناوچانەیان داگیر کرد (قەمچوغە، شاخە رەش، دۆڵە رووت، قزلەر، قەرەنگوێ، مەولان، قەرەسەرد، پیرباز، دۆڵی مازەلە، قەڵەم پاشا، ئاسۆس، قەرەچەتان، شەدەڵە، پیرەمەگروون، زێوێ، گەرەدێ، دابان، مەرگەو شارستێن، هەروەها ئەم گوندانەش وێرانکران لە هەمان هێرشدا سەرگەڵو، کە ٥٠٠ ماڵ بوو، بەرگەڵوو، کانی توو، چاڵاوە، یاخیان چوخماخ، یاخسەمەڕ، قەیوانی سەروو، قەیوانی خواروو، سنگر، میولاکە، گاپێلۆن، باڵخ، گوێزلی، هەڵەدن، سێکانیان، چالخ، قۆمەرغان، کوێرەکانی سیدەر و وڵاخ لو لە گەمارۆدانی ئەنفالی یەک دا ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ کەس کوژران نزیکەی ١٦٠ کەس لەڕێگادا کە بەرەو ئێران رۆیشتن بە هۆی سەرماو بەفرو باران مردن.

**ئەنفالی دوو** : قەرەداغ ٢٢ ی مارسی بۆ ١ی ئەپرێلی ساڵی ١٩٨٨ ئەم هێرشە لە هەموو لایەکەوە ئایڵوقەی ناوچەکەی دا، کاتەکەی لە دوای نوێژی ئێوارەوە دەستی پێکرد بە بۆردومانکردنی گوندی سێوسێنان، لە ئەنجامدا (٨٠)کەس گیانیان لە دەست دا، خەڵکی قەرەداغ لە کاتی بۆمبارانکردنەکەدا بوون بە دوو بەشەوە هەندێکیان بەرەو سلێمانی رۆیشتن، ژمارەیەکیشیان لە رێگا گیران و ئەنفال کران.

**ئەنفالی سێ** : ناوچەکانی گەرمیان لە ٧ ئازار بۆ ٢٠ ئەپرێلی ساڵی ١٩٨٨ شاڵاوی ئەنفالی سێ گەورەترین و بەرفراوانترین هێرش و پەلامار بوو لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ سەر کوردستان کە هەموو ناوچەکانی (کەلار، دوز، قادر کەرەم، کفری، چەمچەماڵ، تیلەکۆ، پێباز، سەنگاو، تەکیە، بەشێک لە ناوچەی ئاغجەلەر ی راماڵی و زیانێکی ئێجگار گەورەی گیانی و ماڵی بە بە دانیشتوانەکەی گەیاند و نزیکەی (٥٠٠) گوندی ئەم ناوچەیەی گرتەوە، و نزیکەی (٣٠٠٠٠) سی هەزار ژن و منداڵ و پیرو گەنجی بێ سەرو شوێن کرد، لەگەڵ وێرانکردنی چوار ناحیە، تەنها لەیەک رۆژدا لە ١٤ی مانگی چواری ١٩٨٨ نزیکەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار ژن و منداڵ و پیاوی لە هەردوو گوندی کوڵەجۆ و ملە سوورە کۆکردەوەو بۆ ناحیەی قۆرەتووی رەوانەکردن پاشانیش شوێنبزری کردن، تا ساڵی ١٩٩١ جل و بەرگ و پاشماوەی ئەو خەڵکە لە قەڵا سەربازیەکەی قۆرەتوو مابوو، لە ئەنجامی شاڵاوی سێ ی ئەنفالدا سەرجەم گوندەکانی گەرمیان تەخت کران و سوتێنران زیانەکانی ئەنفالی سێ:

١- ٧٢٨ گوندو شارۆچکە وێران کران
٢- ٤٠ هەزار خێزان راگوێزران، ١٦ هەزاریان رەوانەی زیندانەکانی رێژم کران
٣-(٧٤٠٧) ئافرەتی ناوچەکانی زەنگنەو جەباری و سەنگاو لە گرتوخانەی دوبز بەند کرابوون ٤
٤- (٥٦٠٠) ئافرەتی ناوچە جیاجیاکان لە ناحیەی یایچی بەندکرابوون
٥- گرتنی (٤٥٦٠) منداڵ لەگەڵ ئافرەتاندا، کە دەیانیان لێ مردووە هەروەها چەندان منداڵی شەش مانگ تاکو یەک ساڵ هەر یەکەی بە (٥٠)دینار فرۆشراوە
٦- (١٦٦٤٠) پیاو سەرنگوم کران

٧- سوکایەتی کردن بە ڕەوشت و کەرامەتی ئافرەتان و ئازاردانیان، دوور لە داب و نەریتی مرۆڤایەتی بۆیە سوپای عێراق تاکو هەموو ناوچەی گەرمیانی وێران و خاپور نەکرد و ئەو خەڵکەی کەوتبوە بەردەستی شوێنبزری نەکردو نەگەڕایەوە دواوە، بەڵکو دواتریش واتە لە دوای شاڵاوی ئەنفالی سێ هەندێجار کۆپتەرو سەربازی لە ناوچەکە دەسوڕایەوە نەوەک گیانلەبەرێک یان خانویەک لە ناوچەکەدا مابێ.

**ئەنفالی چوار** : دۆڵی زێی بچوک لە ٣ بۆ ٨ی مەی ساڵی ١٩٨٨ لەم شاڵاوەی ئەنفالدا هەموو ناوچەکانی (ڕێدار و ئاغجەلەر و تەق تەق و گوندی عەسکەر و کۆپتەپەی گرتەوە، هەروەها دەشتی کۆیە. سەرەتاکەی بە کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە دەستی پێکرد ڕۆژی ٣ی مایسی ١٩٨٨ کاتژمێر ٤٥،٥ی ئێوارە کاتی خەڵکی گوندەکە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ شکاندنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان کە نزیکەی ١٥٤ کەس بوونە قوربانی لە کاتی بۆمبارانکردنەکە، هەروەها ٩ کەس لە گوندی عەسکەر بە هۆی کیماوی، لە ٥ ی مایس گوندی دەلۆی ناو شوان موشەک باران کرا سێ چوار پیرەژن و چوار منداڵی کوشت لە دواییشدا (٢٨) کەسیان دەستگیر کردو شوێنبزریان کرد کە ٣ ئافرەت و منداڵێکیان تێدابوو، ئینجا هێرش کرایە سەر گوندەکانی خاڵەکوتیا ی نزیک دەکۆ و زگیلە تەنها ٦ کەسی بە ساڵاچوو دەستگیر کران کە نەیان توانی بوو هەڵبێن و خۆیان ڕزگار بکەن، هەروەها خەلکی گوندی دەرماناوی ١٢ ڕۆژ لە جیاتی خواردن تەنها گیایان دەخوارد، هەروەها لە گوندی قەرەسالمی ٢٩ کەس گیران و شوێنبزرکران،هەروەها لە گوندی ئەسکەندەر بەگ ٣٩ کەسیان دەستگیرکراو شوێنبزرکران بە هەموویانەوە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا نزیکەی ٢٣٧ گوند لەناو بران، هەروەها نزیکەی (٥٥٠٠) کەس لە ناوچەکانی شاڵاوی ئەنفالی چواردا دەستگیرکران و شوێنبزرکران.

**ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت** : دۆڵ و چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندز لە ١٥ی مایس بۆ ٢٦ ئابی ١٩٨٨ یەکەم پەلاماری سوپا لەم هێرشەدا کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ١٥ی مایسی ١٩٨٨ بوو لەم کاتەدا چەند فڕۆکەیەک کەوتنە کیمیاباران کردنی گوندەکانی (وەرە، نازەنین، کاموسەک، ئەسپێندار، عەلیاوا، سماقولی و بونێ) لەم پەلامارە لە گوندی وەرە ٣٦ کەس کوژران، ئەوەی شایانی باسکردن بێت ئەوەیە لەم شاڵاوەی حزبی بەعسدا پێشمەرگە توانی بەرەنگاریەکی باش بکات و نەیانتوانی لەم شاڵاوەی ئەنفالدا مەبەستەکانی خۆیان جیبەجێ بکەن، لە پاش نیوەڕۆی ٢٣ی مایس گوندەکانی (بالیسان و هیران و دۆڵەکانی دەوروبەری بە خەستی درانە بەر بۆمبی کیماوی.

**ئەنفالی هەشت** : بادینان ٢٥ ی ئاب بۆ ٦ ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ لەم شاڵاوەدا بەعس ویستی بە بێدەنگی لە ناوچەکانی بادینان بدا چونکە نزیکە لە سنوری تورکیا و بۆ ئەوەی ئەوروپا بەم کردەوە قیزەونەی نەزانێت و سزایی بدا، بەڵام پێشمەرگەکانی **PDK** خەڵکیان لەو کردەوە دڕندە ئاگادار کردەوە، لە ڕۆژی ٢٤ی ئابدا هرێشکرایە سەر چیای گارە بە بۆمبی هێشویی، دوای ئەوەش هەر لەو ئێوارەدا هێرش کرایە سەر بارەگای پێشمەرگەی **PDK** لە زیوەشکانی نزیک سنوری تورکیا و ١٠ پێشمەرگەی شەهید کرد. لە ڕۆژی ٢٥ی ئابدا هێرشی کرایەە سەر گوندی برجینی ناحیەی زاویتە، گوندی توێکا و تلاکروی، ئەوبەری زێی خاپور و هێسی و خەرابیا و یەکمالەی بەرواری سەروو کیمیاباران کران نزیکەی ٤٠ کەس کوژران هەر لە ڕۆژی ٢٥ی ئابدا گەورەترین و خەسترین هێرشی کیمیاوی کرا سەر گوندەکانی شێروانە و ردینا و سارتکی و هەر لەو شەوەدا هەردوو گوندی ڕێکانی و نێروەیی یان کیمیاباران کرد، هەروەها گوندەکانی برکەڤرێ و وەرمێلی و بلێجانێ و بانێی بە فڕۆکە و کوپتەر کیمیاباران کران بە شێوەیەکی گشتی ٥٠ گوندی ناوچەکە بۆمباران کران، بەهۆی ئاگادارکرنەوەی پێشمەرگە ژمارەیەکی کەم خەڵک کوژران لە گوندی هەمزە ٦٨ کەس کوژران، لە گوندی کربیت عەلی ٢١ کەس شوێنبزرکران لە گوندی کربیت تیموریش ١٨ کەس شوێنبزرکرا، لە ٢٨ی ئابدا هێرشی بۆ کرا لە ئەنجامدا دەیان هەزار خەڵکی ئاوارەی تورکیاو ئیران بوون ژمارەیەکیش دەستگیرکرا لە گوندەکانی سارکێ ٩٣ پیاو و لە مێرگەتوی ١٠٠ کەس و لە وەرەخەل ٨٣ پیاو شوێنبزرکران هەروەها لە گوندەکانی یەکمالەی دۆسکی ٧٤ کەس و لە گوێزێ ٩٣ کەس تیاچوون، لە کۆی ٣٦ گوندی ناوچەکە ٦٣٢ پیاو شوێنبزرکران.

# زاراوەکانی زمانی کوردی

ئامادەکاری لە لایەنی دیلان رۆشانی

"ئامیلێکی بنجی هەیە کە پییاو سەری لێی سوڕدەمینێ و یەکێتی کۆنی کوردان پێشاندەدا، ئەویش زمانەکەیانە کە چەندی زاراوەکانی جیاوازیان هەبێ هێشتا لە باری دەنگ و رێزمانەوە یەک زمان ئە، و زمانێکی ئێرانی یە، ئەگەرچی تا هەندازەیەک دەگەڵ زمانی گەورەی ئێرانی جیاوازی هەیە".١

ئا! زمانی کوردی زاراوەی جۆر بە جۆری هەیە، ئەو زاراوانەیش دەگەڵ یەک جیاوازییان هەیە. بەڵام وەنەبێ زمانی کوردی بەم شێوەیەوە (هەبوونی زاراوەی جۆر بە جۆر) لە زمانانی تری دونیا تاق بووبێتەوە. ئەو کەسانەی سەر و کاریان دەگەڵ زمانان و زمانوانی هەیە، زۆر چاک دەزانن کە تەنانەت پێشکەوتووترین زمانەکانی جهانیش زاراوەیان هەیە.

نزیکترین زمان لە کوردی، فارسی یە، دا خووا زاراوەی لێ براوە؟ در. مۆیین دەسەرەتایەکیدا کە بوو فەرهانگی "بورهانی قاتیە"-ی نووسیوە زیاتر لە پەنجا زاراوەی ژمار کردوووە(٢). ئەو ئینگلیسییەی کە لە لەندەن و وێلز و سکۆتلاند قسەی پێدەکەن دەگەڵ یەک ئەوەندەیان جیاوازی هەیە کە ئەوانەی لەلاوە فێری ئینگلیسی بوون تووشی سەرەگێژە بکا.

هەبوونی زاراوە، ئەگەر لە زمانانیترا دییادەیێکی سروشتی بە، لە زمانی کوردیدا ئەم سروشتی بوونە دەگاتە لووتکەی هەرەبەرز، چونکوو گەلێ زمانی وا هەن بە راستە و چەپەدا خۆمانە و بێگانە خزمەتییان کردوە و دەکەین و هێشتاش جیاوازی زاراوەیان لێ نەبڕاوە، ئێتر دەبێ چاوەڕوانی چێبین کە زمانی کوردی، بەم هەموو بێخزمەتییەوە، حاڵی لەوەی باشتر بێ کە ئێستا هەیەتی.

زاراوە، لە زماندا بەر و بووی گەلێ هۆیانە کە هیندێکیان رەنگە بە کۆششی کەسان لە ناوبچن، بەڵام هەندێکیان، بە لای منەوە لە هەل و مەرجی ئێستا و دوا رۆژێکی نزێکیشا، لەوانە نین قورسایی خۆیان لەسەر زمانەکەمان لا بدەن، لەوەش زیاتر، دەتوانم بڵێم نەک هەر زمانی کوردی بەڵکوو پێشکەوتەترین زمانی زیندووی سەر زەوی، ئەوەی لە باراندا نییە کە خۆی لە هەبوونی زاراوەکانی رزگار کات. من قسانەم نەدەکرد ئەگەر گوێم لێ نەبا هەندێ خوێندەواری کورد، وەکوو نەچاکێکی گەورە و کەمایەسێکی دەتۆڵە کردنەوە نایەت، لە زاراوەکانی زمانەکەمان دەدوێن.

لە ناو بردنی زارەوەکانی زمانەکەمان ئەو کارە نییە کە وەکوو پێویستێکی نەتەوایەتی لە بەردەمی زانایان و خوێندەکارانی کورد خۆ رادانێ، بەڵکوو ئەوەی وەکوو پێویست، ئەویش پێویستێکی گەورە و ئەرکێکی گران، خۆی دەنوێنێ هێنانە، هەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نووسینە، کە هەر وەکوو لە شوێنێکی تری ئەم پێشەکیەدا ئاماژەمان بۆ کرد لە سەرەتای چەرخەی بیستەم تا ئێستا هەنگاوی باشی بەرەو پێش هەڵهێناوەتەوە و هەروەها دامەزرانی دەزگای جۆر بە جۆری زانستی بۆ زمانی کوردی چاوەڕوانی گەلێ خزمەتیان لێدەکرێ، کە لە پێناوی جێ بە جێ کردنی ئەم ئەرکە نەتەوایەتییە دەبێ بیکەن.
ئەم لا باسە لێرە دەبڕمەوە و دەگەڕێمەوە سەر ئەستی بابەتەکە کە باسی زارەوەکانی زمانی کوردییە. وتمان زمانی کوردی زاراوەی جیا جیای هەیە، پەیدا بوونی ئەم زاراوانە وەکوو ئی هەموو زمانێکی تر، گەلێ هۆی هەیە کە باس کردنیان بوو ئێرە دەست نادا، تەنیا هۆیەکە کە بە لای منەوە کارێکی

گەورەی لە پەیدا بوونی زاراوەکاندا کردووە و لەوانەیە کە زمانانی تر ئەوەیان هەر نەبووبێ یا کارێکی ئەوتۆی نەکردبێتە سەریان، بۆیە هەر باسی ئەم هۆیەیان دەکەم، بەڵام جارێ با بزانین زاراوەکانی زمانی کوردی کامانەن، پاشان دەچینە سەر باسی هۆی پەیدابوونیان.

لەسەر زاراوەکانی زمانی کوردی گەلێ قسە کراوە و هەر کەسە بە جۆرێ بەرەگاری ئەم بابەتەیە بووە و بەلای منەوە بەشی زۆری ئەو قسانەی کە تا ئێستا لە سەر زارەکانی زمانی کوردی کراون لە ژێر کارایی بیر و لێکدانەوەی خۆرهەڵاتناسانی فەرەنگیدا بووە و "ەوەی لە گشت لێکۆڵینەوە و کۆششی بێ-پسانەوەی زانایانی دێتە دەست ئەوەیە کە کارێکی گشتی لەسەر هەموو زاراوەکانی کوردی پێویستە کە تا ئێستا نەکرابوو، چونکوو ئەو دەستە زانایانە زۆریان ئی دەرەوە بوون و سەرەڕای ئەوەی زۆریش تێدەکۆشان، بە گیانی زمانی و ئاهەنگی راستی وشە و بێژەی دروستیان ئاشنا نەبوون و بە چاکی سەرەودەریان لێ نەدەکرد و هەروەها بۆ لێکۆڵینەوەی زاراوەیەک هەندێ گۆشەیان دەگرت و لێی ورد دەبوونەوە و لایەنەکانی تریان بە لاوە دەنا، یا خۆ ئەوەی دەربارەی ئەو زاراوانە بە بیریاندا دەهات دەیتوانی تەنیا لانێکی ئەو زاراوانە بگرێتەوە، جا بۆیە کارەکانیان زۆرجاران ناتەواو بوو، هەندێ جار رێ لە مرۆڤ دەگۆڕی و گەلێ جاریش مرۆڤی تۆشی سەرگێژە دەکرد، بەڵام ئینکاری ئەوە ناکرێ کە رەوشتی لێکۆڵینەوە و شێوەی کاری ئەوان رەوشتێک پەسند و بەرز بووە، ئەگەر ئەهلی زمانەکە رەوشتی ئەوانیان رەچاو کردبا ئەو سرنجی وەردەگیرا هەزاران کەڕەت زۆرتر دەبوو."٣

دوکتۆر موکری نیشانەکەی پاش پێکاوە، ئەگەر لێ زانانی کورد بە شێوەی کاری فەرهەنگییان بێنە مەیدان و لە زاراوەکانی زمانی کوردی یا هەر بابەتێکی دیکەی زمان بکۆڵنەوە، بە مەرجێ خۆیان لە کارایی بیر و رای زانایانی فەرەنگی رزگار کەن و دەست کەن بە لێکۆڵینەوەییکی "مەیدانی" دەگەنە ئەنجامی وەها، کە زۆری بە سەر ئەو ئەنجامانەدا هەبێ زانایانی فەرەنگی بەدەستییان هێناوە، ئەگەر جێگاکە پەسندە با گەلێ لەو شتانەم باس دەکرد کە رەنگە هەر یەکەیان لەوانە بێ زاناترین خۆرهەڵاتناس بە هەڵە بەرێ و بێ-ەوەی هیچ نیازێکی خەراپی هەبێ بیگەیێنێتە ئەنجامی هەڵە.

ئینجا بە بزانین زاراوەکانی زمانی کوردی چین؟ ئەگەر سەرنجێک لە مەڵبەندی دەستەڵات و فەرمانڕەوایی زمانی کوردی بدەین، لە باری شێوەی قسەکردنەوەی سێ ناوچەی لێک جیاوازمان دەکەوێتە بەر چاو.

١- لە کنارەی خۆراوای گۆلی ورمێدا، دەق لەو شوێنەدا کە ناوچەی دزەی دۆڵێ و سندووس لێک جیادەبنەوە، بە بیر هێڵێک دەستپێدەکەین و بە پشت شنۆ یەیدا تێدەپەڕێنین و دەیهێنینە باکووری رەواندزێ و هەروا بەرەو خۆراوا تا دەگاتە ئاکرێ و دهۆک و زاخۆ و شنگار و بە نێوان قمیشلی و حەسەکە-دا دەربازی دەکەین بۆ باشووری دەرباسییە، راس ئەل'ەێن و دەیگەیێنینە ئەفرین و چییای کورمانجا.

٢- حەروەها بە بیر هێڵێک لە مەڵبەندی خۆراوای حەمەدان-ەوە هەڵدەگرین و بە باکووری مەڵبەندی کرماشان-دا دەربازی دەکەین تا دەگاتەوە رووباری دەجلە.

## Dabesh búnewey zarawe serekékaní zimaní Kurdí

## دابەش بوونەوەی زاراوە سەرەکێکانی زمانی کوردی

ئەم دوو هێڵە بیرییە هەموو ئەو مەڵبەندەی بە زمانی کوردی قسەی تێدا دەکرێ دەکاتە سێ بەش، کە لە هەر بەشەیاندا زاراوەییکی سەرەکی زمانی کوردی زاڵە:

١- زاراوەی باکووری (سەروو): دەکەوێتە باکووری هێڵی یەکەم، ئەو بن زاراوەنەی تێدا بەدیدەکرێ؛ حەرکی، شکاکی، جەلالی (بایەزیدی)، حەکاری، بۆتی، جزیری، ئەفرینی، دومبلی، بادینی، .

٢- زاراوەی ناوەندی: دەکەوێتە باشووری هێڵی یەکەم و باکووری هێڵی دووهەم و بە هەڵەیکی پڕبانگ پێی دەڵێن زاراوەی "سۆرانی"، کە ئەوەی راست بێ "سۆرانی" بن زاراوەییێکی لە زاراوەی ناوەندی یە. لەم مەڵبەندەدا ئەو بن زارانە هەن؛ موکریانی، سۆرانی، سلێمانی، شوانی، جافی، سنەیی، گەڕووسی، .

٣- زاراوەی باشووری (خووارووو): لە باشووری هێڵی دووهەم زاراوەی باشووری (خووارووی) زمانی کوردی زاڵە کە ئەم بن زارانەی تێدا بەدیدەکرێ؛ کرماشانی، کەلووڕی، کولیایی، پیرەوەندی، لەکی، لوڕی پچووک (فەیلی یان کۆ پەهلی).

٤- گۆرانی (حەورامی) و زازایی (دملی): لە مەڵبەندی زاراوەی باکووری ئوو ناوەندی زمانی کوردیدا دوو دورگەی زمانی کوردی هەن سەرەڕای دووری لە یەکتر پیاو بە هەسانی دەتوانی بڵێ لە بنەوە یەکن، ئەویش زازایی (کە بە دملیش ناسراوە) یە لە باکوور، و گۆرانی یە لە ناوچەی زاراوەی ناوەندیدا. گۆرانی زۆرتر بە هەورامی ناوی دەرکردوە چۆنکوو گەورەترین ناوچەییێکی تێیدا پەرەی هەیە هەورامان ئە، بێجگە لەوەی لە ڕێژاو و کەنوولە ٤ و لە ناو هۆزی باجەلان و زەنگەنە و شەبەک-یش قسەی پێدەکرێ. زازاییش لە پاڵۆ، کۆر، و چەبەخچوور لە بروەدا یە.

لوڕی دەکەوێتە بەشی خووارووی مەڵبەندی زمانی کوردی. دەربارەی ئەم بن زارەیە هەر کەسی هاتوووە قسەییێکی کردوە، شەرەفخانی بتلیسی لە "شەرەفنامە-دا" بە یەکێک لە چوار زارەی گەورەی زمانی کوردی دادەنێ، هیندێک زانا و خۆرهەڵاتناسی فەرەنگی و ئێرانی بە زارێکی زمانی فارسییان دادەنێن، دوکتۆر کەمال فواد رایەکیتری هەیە و دەڵێ؛ "لە رووی رێزمانەوە لوڕی بە زمانێکی ئێرانی باشووری-خۆراوایی دادەنرێت، بەڵام فارسی نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆ یە. بەشی یەکەمیان بەختیاری وەکۆ لە رووی زمانەوە کوردی نیە، خۆشیان لە رووی نەتەوەییێوە بە کورد نازانن، بەڵام دووهەمیان، بە تایبەتی لە ئێراق، لە بەر گەلێک هۆی مێژوویی و رامیاری و ئابووری لە رووی نەتەوەیییەوە لە کورد جیا نەکرێنەوە، هەتا لە رووی زمانەوە لە ئەنجامی تێکەڵاو بوونەوە زۆریان لە کوردی خۆرهەڵاتی وەرگرتوە."5

ئەم بابەتی لوڕی، کوردی یە یا کوردی نیە، بابەتێکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی، دوور لە هەست و سۆزی نەتەوایەتی و دوور لە کارایی قسە و ناوبانگی فلانە خۆرهەڵاتناسی فەرەنگی یا زانای نە فەرەنگی هەیە. لێکۆڵینەوەیکی کە کوردایەتی کوێرانە دۆ و دۆشاو تێکەڵ نەکا و هەر بە وێکچوونی چەند وشەییێکی کوردی ئوو لوڕی، لوڕی نەکا بە کوردی. لێکۆڵینەوەییێکی واش کە هەر لەبەر ئەوەی چەند وشە یا شێوەی بەکار هێنانی هەندی کارا دەگەڵ فارسی دەشوبهێنە یەک یا فلانە خۆرهەڵاتناس و زمانوان، وای گوتوە، نەکرێ بە رایەکی وا قایم و پتەو کە دەهەڵوەشانەوە نەبێت و لوڕی لە کوردی دابپچڕێ. بە کورتی و بە کوردی ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەییێکی مەیدانی هەیە.

لە قامووسی زمانی کوردی، ئەبدول رەحمانی زەبیهی، چاپی ١٩٨٨

سەرچاوە و تێبینی:

١- پرۆف. مینۆرسکی، کوردنەوەی مێدیکانن، وەرگێرانی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەندی یەکەم، ساڵی ١٩٧٣، بەخدا، لاپەڕی ٥٦٣.

٢- در. مۆبین، بوراهانی قاتە'، بەرگی یەک، لاپەڕی ٣٧ - ٤١ .
٣- در. مهمەدی موکری، گۆرانی یا ترانەهای کوردی، تاران، کتێبخانەی دانش، ١٩٥٧، لاپەڕی ٨.
٤- دوو ناوچەی پچووکن لە مەڵبەندی زاراوەی باشووریدا.
٥- در. کەمال فواد، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ٤ ، ساڵی ١٩٧١، بەغدا، لاپەڕی ٢٢.

سەرچاوە : http://www.kurdishacademy.org/?q=ku-ar/node/215

==================================================================

# یەکسانی و دەسەڵات

کەقسە لەماف و ئازادی ژن دەکرێت، برینمان دەکولێتەوە، چونکە ئەو بابەتە زۆر هەڵدەگرێ، زۆری لەبارەوە ئەوترێ و کەمی بۆ ئەکرێ.. ئەمجارە




ڕوی دەمم ناکەمە پیاوان، باسی دابونەریت و کۆمەڵگا ناکەم، قسە لەدین و حزب و حکومەت و هەموو ئەو فاکتەرانە ناکەم کە بەردەوام باسیان لێوە دەکەین و ئۆباڵی دواکەوتویی هەلومەرجی ژنیان پیا هەڵەواسین، ئەمجارە باسی خودی ژن ئەکەم..

بەباوەڕی من ئەو ژنەی کە داوای مافەکانی دەکات و شەڕیان بۆ دەکات خۆی بەزیرەک دەزانێت، ئەو ژنە ئەسڵەن زیرەک نیە، بەڵکو ئەو ژنە زیرەکە کەتەحەدای ئەو جیهانە بەپیادەکردنی مافەکانی دەکات.. ئیستا سەردەمی ئەوە نیە داوای ماف بکەیت، بەڵکو کاتی ئەوەیە مافەکانت پیادەبکەیت..

ماری وۆڵستۆنەکرافتی چالاکوانی ئازادیەکانی ژنان دەڵێ:»هیوادارنیم ژن دەسەڵاتی بەسەر پیاودا هەبێت، بەڵکو هیوادارم ژن دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەبێت.»

لەبەرئەوەی لەم کەیسەدا دەسەڵات شتێک نیە لای کەسێک بێت و هەوڵی سەندنی بدەین، دەسەڵات شتێکە هەمووومان هەمانە، بەڵام دەبێت بیدۆزینەوە، لە ڕێگەی ناسینی خودی خۆمان، دۆزینەوەی خاڵە بەهێزەکانی کەسایەتیمان. هەمانە دەسەڵاتی دۆزیویەتیەوە و پیادەی ئەکات و بەکاری ئەهێنێت، بەڵام خودی خۆی هێشتا نەناسیوە، چونکە هێندی خوناسین گرنگە، ناسینی ئەویتر هێند گرنگ نیە، هەمانە خۆی داوەتە دەست ئەویترو خەنی بوە بە ڕۆڵی چەوساوەو قوربانی و بەردەوام یەک قەوان ئەڵێتەوە..

باوەڕم وایە هیچ شتێک نیە لەم دونیایەدا ئەو مافە بداتە دەست پیاو کەحوکمی ژن بکات ئەگەر پاسیڤی ژن خۆی نەبێت، هەرگیز بۆ هیچ پیاوێک نیە ببێتە حاکم بەسەر ژنێکەوە ئەگەر ژنەکە خۆی ڕێگەخۆشکەر نەبێت.. لە مێژوی سیاسی میللەتاندا هەمیشە میللەتە لاوازەکان دیکتاتۆرەکان دروستدەکەن،

***چونکە دیکتاتۆر لەخۆڕا دروست نابێت، دیکتاتۆر میللەتی لاواز دروست ناکات، میللەت ئەگەر بەهێز بێت حاکمەکەی بەهێزو لێهاتوو ئەبێت، ئەگەر لاواز بوو، حاکمەکەی جەربەزە و دیکتاتۆر ئەبێت..***

***هەڵبەتە لەسایەی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتی و حوکمڕانیەی ناوچەی ڕۆژهەڵات، بگرە لەتەواوی جیهان شتێک نیە پێی بوترێ یەکسانی، نەک تەنها لە نێوان ژن و پیاو بەڵکو لەنێوان پیاوێک و پیاوێکی تریشدا، بەڵام شتێک هەیە پێی دەوترێ ماف و ئازادی کە دەبێت هەموو وەکوو یەک هەمان بێت، شتێک هەیە پێی دەوترێ مافی هەڵبژاردن و بڕیاردان، کە دەبێت هەموو هەمانبێت... جگە لەمانە شتێک هەیە پێی دەوترێ یاسا کە باشترین شتە ئادەمیزاد لەکۆنەوە پەی پێبردوە بۆ ڕێکخستنی ژیان لەسەر ئەم کەوکەبە..***

***یەکسانی بیرۆکەیەکی بێهودەیە، یەکسانی لەهیچ شتێکا بونی نیە، بەتایبەت لەجیهانێکی دواکەتوو نادادپەروەری وەکوو جیهانی ئێمە، بۆیە ژن دەبێت فۆکەس بخاتە سەر پیادەکردنی دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەی کەهەیەتی و نەیدۆزیوەتەوە.. ئەوانەی باسی یەکسانی دەکەن تەنها بیر لەخۆیان دەکەنەوە، بەپێچەوانەوە ئەوانەی کە باس لەدەسەڵات ئەکەن بیر لەوانی تر ئەکەنەوە..***

***دەمێکە باس لەیەکسانی دەکەین، هیچمان بەهیچ نەکردوە، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەوەی کە باسمان کردوە بیکەینە یاسا، بیکەینە واقیع، بیکەینە دەسکەوت.. ئەوەی ڕودەدات لەم جیهانەی ئێمەدا ئەوەیە ئێمە هەوڵی گۆڕینی ستایلی ژیانمان نادەین، هەوڵی دەربازبون لەبیرکردنەوە ترادیسیۆنالەکان نادەین، بەتیۆری زۆر دەڵێین، بەڵام لە پراکتیکدا ژیانمان وەکو خۆیەتی و هیچ گۆڕانکاریەک نایەتە گۆڕێ.. هەر کۆمەڵگایەکیش کە دەسەڵات تەنها لەدەستی یەک ڕەگەزدا بێت هەرگیز لەهیچ بوارێکدا گەشە ناکات و پێناکەوێت..***

***هێزو توانای ژن هیچی لەهێزی هیچ چەکێک کەمتر نیە، تەنانەت لەهێزی ئەو قەڵەمانەش بەهێزترە کە لەبارەی ماف و ئازادیەکانی ژنەوە ئەنوسن و لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیاندا هیچی بەرجەستە ناکەن ..***

***دواجار بەشبەحاڵی خۆم هەرگیز ڕازی نابم لەپشت پیاوێکەوە بڕۆم، هەروەک ڕێز بۆ هیچ ژنێک دانانێم پیاوێک لەپشتیانەوە وەستابێت. ئەو گوتەیەشی کە دەڵێ: «لەپشت هەموو پیاوێکی مەزنەوە ژنێک هەیە» پڕوپوچترین گوتەیە بیستبێتم، چونکە وەسفی پیاوی بە مەزن کردوە و ژنی لە پشتی پیاوەوە داناوە، هەروەک ئەگەر کەسێک مەزن بێت پێویستی بەوە نیە کەس لەپشتیەوە بوبێت، ئەمەش جۆرێک لەهەڵخەڵەتاندنی ئەقڵی ئەو ژنانەیە کە هێشتا خۆیان نەدۆزیوەتەوە..***

***سەرچاوە : ماڵپەڕی هاوڵاتی / ڕێکەوتی ٦ی ئابی ٢٠١٤***

# ژیاننامەی جۆن کوینسی ئەدەمز، شەشەم سەرۆک کۆماری ئەمریکا

## (خولی سەرۆکایەتی ١٨٢٥ بۆ ١٨٢٩)

فرانک فریدێل و هاگ سیدەی

و: لە ئینگلیزیەوە: خەسرەو ئەڵماسی

جۆن کوینسی ئەدەمز، یەکەم سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو کە باوکیشی پێشتر سەرۆکایەتی وڵاتی ئەمریکای کردبوو، وە لە زۆر رووەوە، وەک پیشەکەی و هەروەها سروشت و رەوانگەکانی شانی لە شانی باوکە بەناوبانگەکەی دەدا. لە ساڵی ١٧٦٧ لە ناوچەی برەینتریی ماساچوسێتس لە دایک بوو. دواتر لە سەر بەرزاییەکانی گردی پێنەوە بە سەر مەزراکەیانەوە، سەیری شەڕ و پێکدادانەکانی گردی بانکەڕی دەکرد. لە ماوەی کارکردنی لە ئەورووپا وەک سکرتێری باوکی، زمانزانێکی لێهاتوو و نووسەرێکی وریای یادداشتی رۆژانەی لێ دەرهات.



دوای ئەوەی خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد تەواو کرد، بوو بە پارێزەر. لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا، وەک نێردراوی تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە وڵاتی هۆڵەندا دەستنیشان کرا و پاشان پلەی بەرز کرایەوە و بوو بۆ نێردراوی باڵای ئەمریکا لە بەرلین. لە ساڵی ١٨٠٢ دا، بۆ سێنای ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبژێردرا. شەش ساڵ دواتر، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، مەدیسۆن، وەک نێردراوی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە رووسیا دەستنیشانی کرد.

بە کارکردنی وەک وەزیری دەرەوە لە کابینەکەی سەرۆک کۆمار مۆنرۆ دا، ئەدەمز بوو بە یەکێک لە گەورەترین وەزیرەکانی دەرەوەی ئەمریکا کە توانی بە هاوکاری و لەگەڵ ئینگلیستان پرۆژەی داگیرکاریی هاوبەشی ناوچەی ئۆریگەن رێکبخات و توانی لەگەڵ ئیسپانیا بگاتە رێککەوتنێک بۆ ئەوەی دەستبەرداری ناوچەکانی فلۆریدای سەرەوە و خوارەوە بن، وە هەروەها توانی لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەمریکا بیرۆکە و دۆکترینی مۆنرۆ دابرێژن.
بە پێی نەریتی سیاسیی باو لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەدەمزی وەزیری دەرەوە وەک تاکە جێگری سیاسیی شیاو بۆ سەرۆکایەتی کۆمار ئەژمار دەکرا. بەڵام ئەم رێوشوێنە کۆنانەی هەڵبژاردنی سەرۆک، لە ساڵی ١٨٢٤ دا و پێش هاتوهاوار بۆ بژاردەیەکی جەماوەری، هێدی هێدی رێگەیان بۆ هاتنە ئارای میکانیزمێکی نوێی هەڵبژاردن خۆش دەکرد.

لە ناوەوەی تاکە پارتی سیاسیی گۆڕەپانەکە - کۆماریخوازەکان - کەرتگرایی و دەستەگەرایی خەریک بوون پەرەیان دەسەند، وە هەر کۆمەڵێکیان کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەبوو. ئەدەمز، کە کاندیدی کەرتی باکوور بوو، لە هەر دوو دەنگدانیی جەماوەری و دەستەی هەڵبژاردنەکاندا کەوتە دواوەی ژەنراڵ ئەندرو جەکسۆن، بەڵام کەوتە پێشەوەی هەر یەکە لە ویلیام ئەیچ. کراڤۆرد و هێنری کلەی. لە بەر ئەوەیکە هیچ کام لە کاندیدەکان، زۆرینەی دەنگەکانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی مسۆگەر نەکردبوو، ئاکامی هەڵبژاردنەکە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە لە نێوان سێ کەسی یەکەم بریاری لێدرا. کلەی، کە لایەنگری پرۆگرامێکی هاوشێوەی پرۆگرامەکەی ئەدەمز بوو، لە ئەنجومەنی نوێنەراندا پشتیوانییەکی بەهێزیی کاندیدەکەی کەرتی ئینگلیستانی نوێ واتە ئەدەمزی کرد.






ئەدەمز، لەگەڵ بوونی بە سەرۆک کۆمار، کڵەیی وەک وەزیری دەرەوە دەستنیشان کرد. جەکسۆن و هەوادارە تووڕەکانی ئەو تۆمەتەیان بڵاو دەکردەوە کە «رێککەوتنێکی ژێربەژێر» کرابوو، وە هەر خێرا هەڵمەتیان بۆ دەرهێنانی سەرۆکایەتی لە ژێر چنگی ئەدەمز لە ساڵی ١٨٢٨ دەست پێکرد.

ئەدەمز سەرەڕای ئەوەی باش دەیزانی کە لە کۆنگرەدا رووبەڕووی دژایەتی دەبێتەوە، بەڵام لە یەکەم پەیامی ساڵانەیدا، پرۆگرامێکی نەتەوەیی هەرە گرینگی راگەیاند. سەرۆک کۆمار پێشنیاری ئەوەی کرد کە حکومەتی فیدراڵ بە دروست کردنی تۆڕێک لە رێگەی خێرا و کاناڵی ئاوی، کەرتەکان بە یەکتر ببەسترێنەوە، وە هەروەها بە سوود وەرگرتن لە داهاتی فرۆشتنی زەوییە گشتییەکان، ناوچەی دەسەڵاتی گشتی پەرە پێبدرێت و بپارێزرێت. لە ساڵی ١٨٢٨، بەردی بناخەی کاناڵی ئاوی سی ئەند ئۆی دانا کە درێژییەکەی دەگەیشتە ١٨٥ مایل.

ئەدەمز هەروەها پێداگری دەکرد کە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دامەزراندنی زانکۆیەکی نەتەوەیی و گرتنە ئەستۆی تێچووی گەشتە زانستییەکان و بنیاتنانی خانەیەکی چاودێری ئەستێرەناسی، رۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدانی هونەر و زانست بگێڕێت. رەخنەگرانی لەو باوەڕەدابوون کە کردە و هەنگاوی لەو بابەتە، لە چوارچێوە و سنوورەکانی یاسای بنەڕەتی دەردەچوون.

ئەدەمز لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ١٨٢٨، کە تیایدا جاکسۆنییەکانی دژبەری تۆمەتەکانی گەندەڵی و بەتاڵانبردنی ماڵی گشتییان دابووە پاڵی، رووبەڕووی ئەزموونێکی قورس بۆوە کە دواجار نەیتوانی بەرەنگاری بێتەوە. دوای شکستهێنانی لەو هەڵبژاردنەدا، بە هیوای بە خۆشی بەسەربردنی پاشماوەی ژیانی لە مەزراکەی و لە ناو پەرتووکەکانیدا گەڕایەوە ماساچوسێتس.

لە ساڵی ١٨٣٠، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، خەڵکی ناوچەی پلایماوس ئەدەمزیان بە نوێنەری خۆیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژارد و هەر لە ناو ئەو ئەنجومەنەدا، وەک سەرکردەیەکی بەهێز، پاشماوەی ژیانی بۆ خزمەتکردنی خەڵکەکەی تەرخان کرد. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، ئەدەمز لە دژی سنووردارکردنی ئازادییە مەدەنییەکان وەستایەوە و لەو پێناوەدا تووشی ململانێی توند بوویەوە.

دواتر لە ساڵی ١٨٣٦، کۆنگرێسمانەکانی کەرتی باشوور «یاسایەکی سنووردارکردنیان» پەسند کرد بۆ ئەوێکە ئەنجومەنی نوێنەران بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک داخوازی و داواکارییەکانی دژی کۆیلەداری دوا بخات. ئەدەمز بۆ ماوەی هەشت ساڵ، بێ ماندووبوون و بێ کۆڵدان، دژی ئەو یاسایە وەستایەوە تا ئەوەیکە لە کۆتاییدا توانی یاساکە پووچەڵ کاتەوە.

لە ساڵی ١٨٤٨، بە هۆی جەڵتەیەکەوە کە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران لێیدا بەر بوویەوە سەر عەرز. بە هۆی ناجێگیر بوونی باریی تەندروستییەوە، گوازرایەوە بۆ ژووری سەرۆکی ئەنجەمەنەکە و دوو رۆژ دواتر لە هەمان ژووردا گیانی لە دەستدا. پاش مەرگی، لە کلێسای فێرست پاریش لە کوینسی بە خاک سپێردرا؛ لە هەمان شوێن کە باوک و دایک و هاوسەرەکەی نێژران. ئەدەمز کە بە «پیرەمێردی قسەزان» ناوی دەرکردبوو، تا کۆتایی ژیانی شەڕی لە پێناو ئەو شتانەدا کرد کە بە راست و دروستی دەزانین.

سەرچاوە:

http://www.whitehouse.gov/about/presidents/johnquincyadams

لە ژمارە ٦٤٦ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ٢١ی دێسامبری ٢٠١٤



## Banemer ٢٧١٥ بانەمەڕ

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ 24 | ٣ 23 | ٢ 22 | ١ 21 | | | |
| ١١ May 1 | ١٠ 30 | ٩ 29 | ٨ 28 | ٧ 27 | ٦ 26 | ٥ 25 |
| ١٨ 8 | ١٧ 7 | ١٦ 6 | ١٥ 5 | ١٤ 4 | ١٣ 3 | ١٢ 2 |
| ٢٥ 15 | ٢٤ 14 | ٢٣ 13 | ٢٢ 12 | ٢١ 11 | ٢٠ 10 | ١٩ 9 |
| | ٣١ 21 | ٣٠ 20 | ٢٩ 19 | ٢٨ 18 | ٢٧ 17 | ٢٦ 16 |
| رەحمان نەقشی | | | | | | |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : رەحمان نەقشی

r_ neqsi@yahoo.ca